# وەزارەتی مافی مرۆڤی
# حکومەتی هەرێمی کوردستان

---

## چالاکیەکانی مانگی ئادار و نیسان و مایس / 2008

---

## مافی چارەی خۆ نوسین داوایەکی رەوای گەلانە .....

## کار بۆ بنبڕکردنی پێشێلکارییەکان دەکەین

---

## لەرا پۆرتی ئەمجارەدا ئەمانە  بخوێنەوە:

- ووتەیەکی  پێویست
- بەشی بەندیخانەکان
- بەشی سکاڵا
- بەشی ڕێکخراوەکان
- پانۆرامای هەواڵەکان

# *وتەیەکی پێویست*

دیارە بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکانی دەوری وەزارەت لەمەڕ چۆنیەتی بەرێوەچوونی رەوشی مافی مرۆڤ لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچی کەمتر نیە لەم راپۆرتانەی کەلەلایەن رێکخراوە جیهانیەکانی پەیوەند بە مافەکانی مرۆڤ دەردەچێ و لەلایەن میدیا و رۆژنامەکاندا هەرای دوونیای بۆ دەنێرێتەوە.

لێرەوە لە ئاوێنەی ئەم راپۆرتە و هەموو راپۆرتەکانی دیکەمانەوە بەهەموو ئەو لایەنانە دەڵێینەوە با بەچاوی وردبینی و واقیع بینانەوە پەرەگرافەکانی ناو ئەم راپۆرتانە بخوێننەوە تاکو لەوە بگەن کە وەزارەتی مافی مرۆڤ دوور لە هەموو بیرکردنەوە نێگەتیڤەکانی ئەوانەوەی ئیدیعای دەکەن ئەم وەزارەتە سەر بەحکومەتە و چۆن دەکرێ وەزارەتی مافی مرۆڤ سەر بەحکومەت بێت و چاودێری حکومەت بکات، بزانن چۆن لەرێگای نوسینگە و بەرێوبەرایەتیەکانمانەوە چاودێری ووردی کارەکانی حکومەتمان کردووە و پێشێلکارییەکانمان خستۆتەروو بە بەڵگەوە، چونکە هەموومان بەچاوی خۆمانەوە بینیوە بە پێچەوانەوەی هەندێ لەو راپۆرتانەی کەتەنها بەڵگەیان لاپەرەی رۆژنامەکان و قسەی شەقام و کەسانی ئاساییە..

دیسانەوە بەهەموو لایەکی دەگەیەنین ئەگەر سەیرێکی راپۆرتی ئەمجارەی سێ مانگی (ئادار ونیسان و ئایار) بکەن کە چەند بە وردەکارانەوە هەموو مەسەلەکانمان روونکردۆتەوە و لە سووچی زیندانەکاندا گەڕاوین و پێشێلکاریەکانمان خستۆتەروو بۆ ئەوەی حکومەت پێداچوونەوە بکات و کار بۆ بنبرکردنی بکات..

رایدەگەیەنین کە گوێگرتن لە سکاڵا و بەدواداچوون بۆ سکاڵای هاوڵاتیان چەند بەلای ئێمەوە گرنگبووە و هەمیشە کاری جیدی بۆ کراوە، ئەمەش بە ئەرکێکی مرۆیی و وەزیفی خۆمانی دەزانین و نایکەین بە منەت بەسەر کەسەوە،بەڵام دەکرێ ئەم قسانەش بکەین بۆ حەقیقەت و تێگەیاندنی ئەوانەی کە تا ئێستاکە وا بیردەکەنەوە کە دانانی وەزارەتێك بۆ مافی مرۆڤ تەنها روخسارە و هیچی تر.. بۆیە لێرەوە دووپاتیدەکەینەوە کە کارەکانی ئێمە وبوونی ئێمە لەناو حکومەت تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەمانەن کە تەنها لە پەنجەرەیەکی تەسکەوە سەیری هەموو دونیا دەکەن.. ئەگەر وا نیە با بفەرموون بێنە دیوانی وەزارەت بەچاوی خۆیان دیکۆمێنتەکان ببینن کەبە چ شێوەیەك کارەکانمان دەکەین و تا چەند توانیومانە مافی مرۆڤ ئاشنای کۆمەڵانی خەڵك بکەین کە جاران وجودێکی ئەوتۆی نەبووە، بۆ بونیشمان لەمیانی ریزی کابینەی حکومەت پێمانوایە سیستەمێکی چاکترە، چونکە دەتوانین راستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵات باس لە پێشێلکارییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی بکەین نەك لە رێگای کەسان و دەزگای دیکەوە... هەر رۆژێکیش دیکۆمێنتێك خۆی بەدیار خست کە گوایە وەزارەتی مافی مرۆڤ پشتگیری یان چاوپۆشی لە پێشێلکارییەکانی حکومەت لە سنووری کارەکانی خۆی دەکات ئەوە بێشك لاپەرەی رۆژنامەکان و شاشەی

تەلەفزیۆنـەکان و هـەموو کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن بـادرێغی نەکـەن و بـەدیکۆمێنت هەرچـیان هەیـە بـا بـڵاوی بکەنەوە، چونکە لەدونیای ئەمڕۆ تەنها دیکۆمێنت گوێی لێدەگیرێ، دەنا با هـەموومان کـار بـۆ ئـەوە بکـەین مافی مرۆڤ لە کوردستان مۆدرێنتر بکەین و هەوڵەکانیشمان زیاتر بۆ بنبرکردنی بێت.

# *بەشی بەندیخانەکان*

ئـەم بەشـە لـەماوەی سـێ مـانگی رابـردوودا چـەندین جـار سـەردانی بەندیخانـەکانی لـە شاروشارۆچـکەکانی کوردستان کردووە و لەنزیکەوە لە کێشەکانی روانیـە و بـەپێی دوایـین سـەردانیان لەبـەرواری 2008/5/21 بەندیخانەی ناوەندی هەولێر-یان بەسەرکردۆتەوە و ئەمرۆژە لە راپۆرتەکەیاندا واهاتووە کە ئەم بەندیخانەیە (627) بەندکراوی تێدابووە و (309) یان راگیراوبووە و (327)یشیان حوکمدراوبوونە.
ئاماژەشـیان بـەوەداوە کـە لـەراپۆرتی پێـشوودا دوای چـاوپێکەوتنیان لەگـەڵ هەنـدێ لـە زیندانیـەکانی بەندیخانەی ناوەندی هەولێر باسیان لەوە کردبـوو کـە لەبنکـەکانی پـۆلس دیـاردەی (لێـدان) هـەبووە، بـەڵام دوابەدوای ئەوەی بەدواداچوونیان بۆ ئەم کێشەیە دەسـتپێکردووە بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی نوسـراوێکی فەرمی-یـان ئاراسـتەی وەزارەتـی هـەرێم بـۆ کاروبـاری نـاوخۆ کـردووە و وەزارەتـی نـاوبراو نـاوەرۆکی ئـەم نوسراوەی بەهەند وەرگرتـووە و هـەنگاوی پێویـستی لـەم بارەیـەوە نـاوە و بەنوسـراوێکی فـەرمی سـەرجەم بنکەکانی پۆلیسیی سنوری دەسەڵاتی خۆی ئاگادارکردۆتەوە کە نابێت بەهیچ شێوەیەك شێوازی توندوتیـژی و ئاشکەنجەدان لەکاتی گرتن و دەستبەسەرکردنی هەر کەسێك بەهەرچی تۆمەتێك گیرابێ پەیرەوبکرێ.
هەرلەم بەندیخانەیەدا ناوەرۆکی راپۆرتەکە ئەوە دەخاتـەروو کـە سـەرباری دابینکردنـی شـێوازی پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤ و باشی خزمەتگوزارییەکان لەلایەن کارگێرانی بەندیخانەکەدا، بـەڵام دیسانەوە وەکـو هـەموو راپۆرتەکانی پێشوو و پێشووتر کێـشەی یـەکلایی نەبوونـەوەی یاسـایی زیندانیـەکان لـەدادگاکان کـە بـەپێی ناوەرۆکی یاسا پێویستە لەماوەی (6) مانگدا یەکلایی بکرێتەوە سـەریهەڵداوەتەوە و بـارودۆخێکی دەروونـی کۆمەڵایەتی خراپی بۆ دروستکردوون..
هەر لەم راپۆرتەدا باس لە سەردانی تیمێکی بەشی بەندیخانـەکان دەکـات بـۆ بەندیخانـەی ئاسایـشی گـشتی هـەولێر و لـەرۆژی سـەردانەکەیاندا (134) لـە زینـدانی بەندیخانەکـەدا هـەبووە و هەمووشـیان بەنـدکراوی (راگیراو) بووینـە و هەنـدێ تێبینیـان لـەلای خۆیـان تۆمـارکردووە بەتایبـەت لەمـەڕ بینایـەی بەندیخانەکـەوە کەلەرووی قەبارەوە نەگونجاوە و زۆری ژمارەی بەندکراوەکانیش تیایدا بۆتە هۆکاری دروستبوونی هەوایـەکی نا تەندروسـتی کەبـە شـێوەیەکە ترسـی بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی لـەنێو بەندییـەکانی لێدەکرێت، سـەرەرای دابینکردنی ئامێری ساردکەرەوە، بەڵام زۆری ژمارەی بەندکراوەکان بۆتە هۆکارێك کە ئەم ئامێرانـە نـەتوانن چارەسەری گۆڕینی کەش و هەوای ناو هۆڵەکە بکەن، هەر لـە پێـودانگی بـچووکی بینایەتەکـەوە کێـشەیەکی دیکە هەیە ئەویش تێکـەڵبوونی بەنـدکراوەکان لـەرووی تەمـەن و چۆنیەتی روودانـی تاوانەکانـەوە و ئـەوەی تێبینیش کرا بەندییەکان وەکو پێویست ناتوانن بێنە دەرەوەی هۆڵەکان بۆ بەر هەتاو..

لەم بەندیخایەش کێشەی بەکلایی نەبوونـەوە جـارێکی تـر سـەریهەڵداوەتەوە و بەنـدکراوەکان سـکاڵای ئـەوە دەکەن ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانە دەمێننەوە بەبێ دادگاییکردن.

لـەرووی خزمەتگوزاریـشەوە هـیچ گلەییـەکی ئـەوتۆ نـەبوو و زیندانیـەکان ئاماژەشـیان بـەهیچ دیاردەیـەکی ئەشکەنجە دان یان مامەڵەکردنی خراپ و توندوتیژی نوانـدن لەلایـەن کاربەدەسـتانی بەندیخانەکانـەوە نـەدا، لەرووی سەردانیکردنی کەسوکارییان بۆ ئەوانەی کە خەڵکی کوردستان هـیچ کێشەیەك نـەبو، بـەڵام بـۆ ئـەو گیراوانـەی کەخـەڵکی ناوچـەکانی دیکـەی عێـراقن یـان ئەوانـەی عێراقـی نـین کێـشەیەکی گـەورەبوو کـە کەسـوکارییان نـاتوانن سـەردانیان بکـەن، کێـشەیەکی دیکـەش لـەم بەندیخانەیـە هـەبوو ئـەویش هەنـدێ لـە گیراوەکان دووچاری کێشەی نەبوونی (کەفیل) بوونەتەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە یاساییەکان.

هەر لە درێژەی سەردانەکانیاندا لـەماوەی ئـەم سـێ مانگـەدا رۆژی 2008/5/25 سـەردانێکیان بـۆ بەشـی چاکسازی نەوجەوانان و ژنانی هەولێر ئەنجامداوە و ئەمرۆژە بـەپێی ئـەو ئامـارەی زینـدانیان کەلـە کـارگێڕی بەندیخانەکە دەستیان کەوتووە و لەم راپۆرتەدا ئاماژەیان پێداوە بریتیە لە (50) نەوجەوانی بەندکراو (25) نەوجەوانی حوکمدراو و (25) نەوجەوانی راگیراو لەبەشی چاکسازی ژنانیش (37) بەندکراو هەبووە (16)یان حوکمدراو وبوونە و (21)یشیان راگیراوبووە.

پێداویستیە خزمەتگوزارییەکان لەم چاکسازییە بۆ بەنـدکراوەکان لـە جێـی خۆیدایـە جگـە لـە کێـشەی ئـاو و ئاوەرۆکان نەبێت کەنارەحەتیەکی یەکجار زۆری بۆ بەندیخانەکە دروسـتکردووە و چـەند سـاڵێکە ئـەم کێـشە هەیە و تاکو ئێستا چارەسەری بۆ نەکراوە، لێرەش کێشەی یەکلاییکردنەوەی کێشەی زیندانیان هەیـە... لـە راپۆرتەکەشـیاندا پێـشنیاری ئـەوە دەکـەن لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی بەنـدکراوە نەوجەوانـەکان قوتـابین لـە بەندیخانەی چاکسازی پێویستە بایەخیان پێبدرێ و قوتابخانەیەکی گونجاویان لەنێو بەندیخانەکەدا بۆ دابـین بکـرێ.. هـەروەها بـۆ بەشـی ژنـانیش پێـشنیاری ئـەوەیانکردووە کەپێداویـستیە تایبەتیـەکانی ژنـان بـۆ بەندییەکانی ئەم بەشـە دابـین بکـرێ لـە سـەرووی هەموویانـەوە پێداویـستیەکانی منـاڵانی شـیرەخۆر، کەلـەم چاکسازییە لەگەڵ دایکەکانیان دەژین.

ناوەرۆکی راپۆرتی بەشـی بەندیخانـەکان لـەدیوانی وەزارەت هـەموو ئـەو سـەردان و چـالاکیانەی نوسـینگە و بەرێوبەرایەتیەکانی شاروشارۆچکەکانی سەر بە وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ-یـشی لـەخۆگرتووە راپـۆرتی بەشـی بەندیخانـــەکانی بەرێوبەرایـــەتی مـــافی مرۆڤـــی ســـلێمانی لەبەرنامـــەی ســـەردانەکانیدا بـــۆ بەندیخانـــە و چاکسازییەکاندا سەردانی بەندیخانەی چاکسازی پیاوانی حوکمدراوی کردووە لەسەرەتادا بـاس لـەوە دەکـات کە ئەم بەندیخانەیە لە (24) هۆڵ و (8) ژووری تاکەکەسی و هۆڵێکی گـەورە بـۆ چـاوپێکەوتنی گیراوەکـانی لەگەڵ کەسوکارییان و پەرتوکخانە و بنکەیەکی تەندروستی و چێشتخانەیەکی تایبەت بەبەندیخانەکەی تیایە، لە دوا سەردانیشیان ئاماژەیـان بـەوە دواوە کـە ئـەم چاکسازییە (455) حوکمـدراوی تێـدابووە و بەقـسەی راپۆرتەکـە هـەموو بەنـدکراوەکان لەهەڵـسوکەوت و رەفتـاری کارمەنـدانی بەندیخانەکـە رازیبـوون و هـیچ کێشەیەکیان لەم رووەوە نەبووە، بەڵام جگە لە (2) هۆڵ لەو (24) هۆڵە کەنۆژەن کراونەتـەوە دەنـا ئـەوانی

تـر کۆنن و ژینگـەی هۆڵـەکان نارێکـە لـەڕووی پـاك وخـاوێنی دیوارەکـان، بـەڵام ئـەوەی بینـراوە ئێستاکە هەندێکیان لەژێر چاککردنەوەدان، لەراپۆرتەکەدا هـاتووە کـە لـەڕووی خزمـەتگوزاری تەندروسـتیەوە هـەموو کارئاسانییەك بۆ بەندکراوەکان دەکرێ و لەکاتی توشبونیان بە نەخۆشی قـورس رەوانـەی نەخۆشـخانەکانی دەرەوە دەکرێن، چونکە ئەو بنکە تەندروستیەی کە لەبەندیخانەکەدا هەیە لە توانایدا نیە چارەسەری هەموو نەخۆشیەکانی بەندکراوەکان بکات لەبەر ئەوەی کارمەندی تەندروستیان کەمە و هەموو جۆرە دەرمانێکی تیا نیە و ئەمەش هەندێجار وادەکات کەبەندکراو پەنا بۆ دەرمانخانەکانی دەرەوە ببـات بـۆ کڕینـی داودەرمـان..
لایەنێکی گرنگی تری تەندروستی لەم بەندیخانەیە نەبوونی تاقیگەی پزیشکیە بۆ دیاریکردنی نەخۆشـیەکان و پشکنینی پێویست، کارمەندانی ئەم بنکەیەش داواکـارن ئـەم پێداویـستیانەیان بـەزوویی بـۆ دابـین بکـرێ تـا بتوانن زیاتر خزمەتە مرۆییەکانی خۆیان برەو پێبدەن لە هەمانکاتدا هـۆڵی چـاوپێکەوتن بەگـشتی شـوێنێکی گونجاوە، لەڕووی بەرنامەی چاکسازییەوە چـالاکی وەکـو خـولی زمـانی ئینگلیـزی و کۆمپیوتـەر ونەهێـشتنی نەخوێنـدەواری–یـان کردۆتـەوە و بەنیازیـشن کارگەیـەکی بەرگـدووریی دابمـەزرێنن، بـەڵام بەندیخانەکـە و ئیـدارەی بەندیخانەکـە پێویـستیان بـە دابینکردنـی کەلوپـەلی (الاپـاپ) هەیـە، هەرچـەندە کتێبخانەیـەکی قشتیلەیان هەیە، بەڵام ژمارەی بوونی کتێبەکان تیایدا لە ئاستی پێویستدا نیـە، لـە بەندیخانـەی چاکسازی ژنان و نەوجەوانان–ی سلێمانی–یش ژمـارەی حوکمـدراوان لـە دوایـین سـەردانی بەشـی بەندیخانەکانـدا لـەم بەڕێوبەرایەتیە (17) بەندکراوی (ژن) و (22) بەندکراوی نەوجەوانی تیابووە.
پاکو خاوێنی و خواردنیان باشبوە، بەڵام بۆ ئـاوی خواردنـەوە کێشەیان هـەبووە، چـونکە ئاوەکـە لـەڕێگای تەنکـەرەوە دابـین دەکـرێ و پێویـستە لـەڕێگای تـۆڕی نـاوەوە بۆیـان دابینبکـرێ تـا بەسـەر هـەموو کێشە تەندروسـتی و کـەمی ئاوییـەوە زاڵـبن.. کارەبـای بەردەوامیـشیان نیـە و سـەرباری بـوونی بنکەیـەکی تەندروستیش، بەڵام کێشەیان لەڕووی کەمی کارمەندی پزیشکی و نەبوونی ئۆتۆمبێلی (ئیسعاف) و هـەروەها بڕی ئەو دەرمانانەی بۆیان دیاریکراوە چ لەڕووی کەمی و چ لەڕووی خراپیەوە هەیە.
بۆ بەرنامەی چاکسازییشەوە حاڵی حازر خولی فێربوونی پیشەیی دارتاشیان هەیە.
لە خانەی تێبینی سلێمانی–یش کە ئەم شوێنە تایبەتە بە نەوجەوانانی راگیراو و بـەپێی راپۆرتەکـە پێکـدێت لـە (4) هـۆڵ و لـەکاتی سـەردانیکردنیان (22) راگـیراوی نەوجـەوانانی تێـدابووە و ژوورەکـانی تـاریکبووە و کارەبای بەردەوامیشیان نیە، بۆیە کاتێ کە کارەبا نابێت ئەم شوێنە زۆر تاریك دەبێـت بـە تایبـەتی لـەکاتی شەوانە کە سەعات (1)ی شەو کارەبا دەبڕێت، هـەروەها ژینگـەی هۆڵـەکانی پیـسە و خراپـە بـەهۆی بـوونی (تەوالێت و شوێنی خۆشوشتنیان) لەناو هۆڵەکاندا، هەر لەم بەندیخانەیەدا گۆڕەپانێکی گونجاو نیە بۆ ئەوەی بەندییەکان تیایدا پشوو بدەن و بێنە بەرخۆر و ئەمەش لەڕووی تەندروستیەوە، مەترسـیدارە بـە تایبـەت بـۆ ئەو منالانەی کە ماوەیەکی زۆر لەوێ دەمێننەوە، لەوێش هەموو بەندکراوەکان داوا دەکەن کـە چارەنوسـیان لەلایەن دادگاوە دیاری بکرێ.

**لەبنکـەی گـرتن و گواسـتنەوەی سـلێمانی**-یـش ژمـارەی هۆڵـەکان دەگاتـە (12) هـۆڵ و لـەدوایین بەسەرکردنەوەی تیمی بەشی بەندیخانەکان لەبەڕێوبەرایەتی مافی مرۆڤی سلێمانی ئەم بنکەیە (274) راگیراوی تێدابووە و (15) یان ژن بووە. بینایەکە وەك لە راپۆرتەکانی پێشوودا ئاماژەی پێدراوە بینایەکی کۆنە و بەهیچ شێوەیەك گونجاو نیە و هیچ مەرجێکی بنکەی گرتن و گواستنەوەی تیادا بەدی ناکرێ..

لەهەمووشی کاریگەرتر ئەم شوێنە پێشتر قوتابخانە بووە و کراوە بە بەندیخانە و ژمارەی گیراوەکان لەچاو قەبارەی بەندیخانەکە زۆر زیاترە و بنکەی تەندروستیان هەیە، بەڵام وەکو پێویست نیە و کەمی دەرمان یەکێکە لە کێشەکانی ئەم بنکەیە و لەکاتی پێویست بوونی نەخۆش رەوانەی نەخۆشخانەی دەرەوە دەکرێ..

لێرەوەش کێشەی یەکلایی نەکردنەوەی دادگا زۆرینەی خەڵکی تووشی نەخۆشی دەروونی کردووە.

(لەهەندێ لە بنکەکانی گرتن و گواستنەوەی سەر بە پۆلیس و ئاسایش جۆرێك لە مامەڵەی نادروست ئەنجام دراوە، بەڵام بەم شێوەیە نەبووە کە گیراوەکان ئاماژەیان بۆ کردووە..)

تیمی ناوبراو ئەمەشیان راگەیاندوە کە بۆ ئەم مەبەستە نوسراوێکی فەرمی-یان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە بە ژمارەی 898/16/1 لە رۆژی 2008/6/8 و تیایدا ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆیان کردۆتەوە کە ئەبێت هەڵسوکەوتی کارمەندانی پۆلیسی مرۆڤدۆستانە بێت و رێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بگیرێ..

رۆژی 2008/5/15-یش سەردانی بەندیخانەی **ئاسایشی گشتی هەرێم -سلێمانی**-یان کردووە و لەگەڵ بەڕێوبەری بەشی مافی مرۆڤ لەم بەڕێوبەرایەتیە هۆڵەکانی بەشی پیاوان و ژنان و تاکەکەسیەکانیان بەسەرکردۆتەوە..

لەم بەندیخانەیەدا راپۆرتەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە لەرووی پێداویستیە تەندروستیەکان و پاکوخاوێنی و ژینگە و گونجانی بینایەکە و گۆرەپانی پشوودان هیچ درێغیەکان نەبینیوە، تەنها لەبەشی ژنان داواکرا کە پێداویستیە تەندروستیەکانی تایبەت بەژ نان دابین بکرێ و لەبەرامبەردا بەڕێوبەرایەتی ناوبراو بەڵێنیدا کە داواکەیان جێبەجێبکات.

**لەبەشی چاکسازی گەوران لە دهۆك** کە لە راپۆرتەکەیبەشی بەندیخانەکەی نوسینگەی مافی مرۆڤ لە دهۆکدا هاتووە بەبەردەوامی سەردانی ئەم بەندیخانەیەیان کردووە و لە دوایین سەردانیشیان دەرکەوتووە کە ئاماری بەندکراوەکان لەم بەندیخانەیەدا (98) بەندکراو بوونە و (369)یان حوکمدراوبونە..

ئەم بەندیخانەیە لەڕووی خزمەتگوزارییەکانەوە کێشەی نەبوونی (دۆلاب)یان هەیە بۆئەوەی بەندکراوەکان بتوانن کەلوپەلەکانیان تێدا هەڵبگرن... هەروەها پێنەدانی مووچە بەبەندکراوەکان بۆماوەیەکی زۆر کە کاری کردۆتە سەر خراپبوونی گوزەرانی بەندکراوەکان لەڕووی ماددییەوە... سەرەڕای ئەمەش ژمارەیەك لە بەندکراوەکانی ئەم بەندیخانەیە خەڵکی هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانین و ئەم دوورییەشیان کێشەی زۆری بۆ دروستکردوون بەتایبەت لەکاتی سەردانیکردنی کەسوکارییان بەهۆی هاتوچۆوە لەکاتی چاوپێکەوتنیان، بۆیەو داوای چارەسەری ئەم کێشەیان دەکەن ئەویش بە گواستنەوەیان بۆ بەندیخانەکانی

پارێزگـای شـارەکانی خۆیـان... لـەڕووی پرۆگرامـی چاکسازیـشەوە لـەم بەندیخانەیـە تەنانـەت وەرشـەیەکی کارکردنیش نیە... لەم ڕوانگەیـەوە بەنـدکراوەکان داوایـان لـە نووسـینگەی مـافی مرۆڤـی دهـۆك کـردووە تـا لـەڕێگای ئەوانـەوە کیـشەکانیان چارەسـەربکرێت و ڕەچـاوی سیـستەمێکی تایبـەت بکرێـت بـۆ بەرنامـەی چاکسازی لەناو بەندیخانەکەدا.

لەبەشی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتانیش هەر لە دهۆك ئەو کاتەی کە سەردانیانکردووە لەبەشی ئافرەتان (15) ڕاگیراو و (6) حوکمدراو هەبوونە و لەبەشی نەوجەوانانیش (12) ڕاگیراو و (15) حوکمدراو هەبوونە... لەم چاکسازییە کێشەیەکی ئەوتۆ نەبووە باسی لێوە بکرێ تەنها کیشەی نەبوونی ئامێری ساردکردنەوەی (براد) ئاو نەبێ.

لە ڕاپۆرتی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە زاخۆ لەبەشی بەندیخانەکان ئەوە دەرکەوتووە کە بنکەی گرتن و گواستنەوە لەم شارۆچکەیە کێشەی کەمی جێگای هەیە بۆ ڕاگیراوەکان و ئەم بنکەیە تەنها (2) ژووری بچووکی هەیە بۆ ڕاگرتنی گیراوەکان و توانای ڕێژەی ڕاگیراوەکانی نیە ئەمەش وایکردووە کە سەرجەم گیراوەکان تێکەڵی یەکتر بکرێن... تەنها یەك ژووری بچووکیان هەیە بۆ ئەو منداڵە بەندکراوانەی کە تەمەنیان لە خوار تەمەنی (18) ساڵیدایە و هیچ شوینێکیش نیە بۆ بەند کردنی ئافرەتان بەناچاری ڕەوانەی بەندیخانەی ناوەندی پارێزگای دهۆك دەکرێن... لەڕێگای نوسینگەی مافی مرۆڤ لە زاخۆ چەند جارێك داواکراوە کە بنکەیەکی گونجاو لەم شارۆچکەیە بکرێتەوە...

لەڕووی خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانی دیکە ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەباش مامەڵەکردنی کارمەندان دەکات.

لە بەندیخانەی ئاسایشی زاخۆش تێبینی ئەوە کراوە کە بەندیخانەکە لە (2) هۆڵ پێکهاتووە و شوێنێکی کۆنە و گونجاو نیە بۆ ئەوەی ببێتە بەندیخانە و ئەم دوو هۆڵەی کە بۆ بەندیخانەش تەرخانکراوە پەنجەرەکانیان داخراوە و هۆڵەکان تاریك و نوتەکە و هەوای ناو هۆڵەکان پەنگی خواردۆتەوە و تەنگبووە و تەنها

یەك حەمام و ئاودەستێك لەناو یەکێك لە هۆڵەکاندا هەیە کە تارادەیەکی زۆر ڕەچاوی پاکوخاوێنی نەکراوە.

ڕاپۆرتی بەشی بەندیخانەکانی نوسینگەی مافی مرۆڤی ئاکرێ کە بەشێکن لە ڕاپۆرتە گشتیەکەی بەشی بەندیخانەکان لە دیوانی وەزارەت لەبەردەوامی کارەکانی خۆیاندا لە دوایین سەردانیان بۆ بنکەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ کە (36) گیراوی تێدابووە و بەبڕیاری دادگا دەستگیراون سەربارى ئەوەی کە هەڵسوکەوتی کارمەندانی بەندیخانەکە لەگەڵ گیراوان ڕەوشێکی باشی بەخۆوە بینیوە، بەڵام لەڕووی دابینکردنی خۆراکەوە گیراوەکان لەم گرتوخانەیە لەبەرواری 2008/2/29 مانیان گرتووە لە بەرامبەر ئەوەی کە ژەمەکانی خواردنیان بگۆڕێ و واشپێدەچێ داواکارییەکەیان جێ بەجێنەکرابێ بۆیە جارێکی تر لە شەوی (15/16–4–2008) بەندکراوەکانی ئەم بنکەیە مانیان گرتۆتەوە وەك نارەزایی دەربڕینێك بەرامبەر بە بەردەوامی خراپی ئەو خواردنەی ئامادە دەکرێت و پێشکەشی بەندکراوەکان دەکرێت کە هیچ مەرجێکی گرێبەستی ئامادەکردنی خواردنی لەگەڵ بەڵێندەری خۆراکی تێدا نیە لە ئەنجامی بەدواداچوونی

نوسینگەی ئاكرێ دەركەوتووە دروست بەڵێندەرەكەی سەرپێچی گرێبەستی كردوە لەلایەن قایمقامی ئاكرێ–شەوە بەڵێندەرەكە بەبڕی پارەی (500000) پێنج سەد هەزار دینار سزادراوە.
لەدواسەردانیشیاندا بۆ بەندیخانەی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی شارۆچكەی ئاكرێ هیچ گیراوێك بەدی نەكراوە.
بەشی بەندیخانەی نوسینگەی مافی مرۆڤی سۆران لە راپۆرتی ئەم سێ مانگەیدا و لەدواین سەردانیدا لە رۆژی 27/ 2008/5 بۆ گرتووخانەی بنكەی پۆلیسی سۆران كە (5) راگیراو هەبووە، هیچ كێشەیەكی مرۆیی بەدی نەكراوە، بەڵام ئەم گرتووخانەیە بێبەرییە لە پاكوخاوێنی و سپلیت–كان لە كاركەوتوون و گیراوەكان هیچ رۆژنامەكیان ناگاتێ و لەدونیای دەرەوە دابڕاون، لەم بنكەیەدا كێشەی نەبوونی بەشێكی تایبەت بە ئافرەتانەوە جێگەی سەرنج بوو گلەیی راگیراوەكان ئەوەشبوو كە گۆرەپانێكی تایبەتیان نیە بۆ هاتنەبەرخۆر و لە بەدواداچوونی نوسینگەكەش كارگێری ئەم گرتووخانەیە بەڵێنیان داوە كە بەزووترین كات ئەم كەموكورتیانە چارەسەر بكەن.
لەسەردانیكردنیشیان بۆ گرتووخانەی ئاسایشی سۆران لە رۆژی 2008/5/27 دەركەوتووە كە (5) راگیراوی تێدابووە لە كاتی گفتوگۆكردن لەگەڵ كارمەندانی ئەوێ دەركەوتووە كە هەڵسوكەوتی كارمەندان گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بەرەو باشی چووە، بەڵام سەبارەت بە كەلوپەلی نوستن و قاپ و قاچاغی خواردنەكانیان پاك و خاوێن نین و ئەمەش كاریگەری خراپی دەبێت لەسەر باری تەندروستی بەندكراوەكان، لەلایەكی دیكەشەوە بەندكراوەكان داوای گۆڕینی جەمەكانی خواردنیان كردووە، لەو بەندیخانەیەشدا شوێنێكی تایبەت نیە بۆ ئەوەی بەندكراوەكان پشووی لێ بدەن و خویان بدەنە بەر خۆر.
لەراپۆرتی ئەمجارەی بەشی بەندیخانەكانی بەڕێوبەرایەتی مافی مرۆڤی كۆیە سەردانی بنكەی گرتن و گواستنەوەی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی كۆیە كراو، و لەكاتی سەردانەكەیاندا (21) راگیراوی تێدابووە كە بە تۆمەتی جیاجیا گیراون و بریاری راگرتنیان لەلایەن دادوەرەوە ئەنجامدراوە.
لە ئەنجامی بەسەركردنەوەكەشیاندا بۆ ئەم بنكەیە دەركەوتووە كەتا ئێستا نەتوانراوە كارمەندێك لەبەندیخانەكە دابمەزرێنن بۆ پاككردنەوەی بەندیخانەكە، بۆیە هەمیشە مەرجی تەندروستی تیا بەدی ناكرێ و هیچ بڵاوكراوە و چاپەمەنیەك ناگاتە ئەم بنكەیە جگە لە رۆژنامەی (كوردستانی نوێ) نەبێت، ئەویش لەلایەن بەڕێوبەرایەتی مافی مرۆڤی كۆیەوە بۆیان دابین دەكرێت، تا ئێستا نەتوانراوە (ئاوی پاك) ی خواردنەوە بۆ بەندییەكان دابین بكرێ و ئەو ئاوەی بەكاری دێنن مەرجی تەندروستی تێدا بەدی ناكرێ، ئەمە سەرەرای نەبوونی كارمەندی كۆمەڵایەتی و نەبوونی ئامێرەكانی گەرمی و ساردی و نەبوونی شوێنێكی تایبەت بۆ وەرزشكردن لەناو بەندیخانەكەدا.
لەرووی سەردانی پزیشكەوە بۆلای بەندییەكان داواكاری ژنان ئەوەبوو كە پزیشكی ژن سەردانیان بكات، بەڵام لەرووی خواردن و مامەڵەكردنی كارمەندانەوە گلەییەكی ئەوتۆ نەبوو كەشایانی باس لێوەكردن بێت.
لە بەندیخانەی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی رۆژهەڵات– هەولێر لە كۆیە بەپێی راپۆرتی ئەوان تەنها (3) بەندكراو لەم بەندیخانەیە هەبووە و لەرووی تەندروستیەوە شوێنێكی گونجاو نیە، چونكە لەبنەرەتەوە ئەم شوێنە بۆ

ئەم مەبەستە دروست نەکراوە و ئامێری گەرمی و ساردی تیا نیە و (جل و بەرگ) و پێخەفی تایبەت بۆ بەندییەکان لەم بەندیخانەیە دەست ناکەوێ، هەروەها نەبوونی گۆرەپانی تایبەت بۆ دەرچوونی بەندکراوەکان بەمەبەستی هەواگۆڕین و نەبوونی کادیری کۆمەڵایەتی، بەڵام لەرووی خزمەتگوزاری هەڵسوکەوتی کارمەندانەوە هیچ گلەییەك لە راپۆرتەکەدا تۆمار نەکراوە..

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە بارودۆخی بەندییەکان لەبەندیخانەکانی (ئاسایش و پۆلیس)ی سنوری ئیدارەی **گەرمیان** بەشی بەندیخانەکانی بەڕێوبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان لەماوەی سێ مانگی (ئادار و نیسان و مایس) دا چەندین جار سەردانی بەندیخانەکانیان کردووە و هیچ سکاڵایەك سەبارەت بە مامەڵەی کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس نەبووە، بەڵام لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی بەندیخانەکانەوە ئەم تێبینیانەی خوارەوە خراوەتەروو:

نەبوونی شوێنی تایبەت بە راگرتنی نەوجەوانان و تێکەڵکردنیان لەگەڵ گەورەکان کە ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر ئەم نەوجەوانە راگیراوانە و وەك پێویست پزیشك تەرخان نەکراوە بۆ سەردانیکردنی بەندیخانەکان، لەکاتی هەبوونی نەخۆش ئیدارەی بەندیخانە نەخۆشەکان رەوانەی خەستەخانە دەکەن..

لە بەندیخانەی **بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان** لە کەلار لەدواین سەرداندا (21) راگیراو هەبووە و بینایەی بەندیخانەکەش زۆر گونجاو و پاك و خاوێن بووە و لەلایەنی تەندروستی و خواردن و خواردنەوە هیچ کێشەیەکیان نەبووە و هیچ گلەیەکیشیان لەکارمەندان نەبووە..

بەندیخانەی **بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان**-یش لەدەربەندیخان بەشێك بوە لەو بەسەرکردنەوانەدا و تەنها هۆڵێکی هەیە و (37) راگیراوی تێدابووە و هۆڵەکەیان دابەشی سەر چەند ژوورێك کردووە، تا بەندکراوەکان لەیەکتری جیا بکەنەوە، بەڵام سەری ئەم ژوورانە نەگیراوە و گۆرەپانێکی گونجاویان نیە بۆ پشودانی راگیراوەکان لە کاتێکدا پانتاییەکی فراوانیان لەبەردەمدا هەیە و دەگونجێ بۆ ئەم جۆرە گۆرەپانانە.

لەکاتی سەردانیکردنی بەشی بەندیخانەکان تێبینی ئەوە کراوە کە هۆڵی راگیراوەکان زۆر نارێك و کۆن و پیس و تاریکبووە و کارەبایان زۆر کەمە و ئاڵوگۆری هەوا لە هۆڵەکەدا زۆر سستە و تەنها یەك (تەوالێت) یان هەیە و ئەویش لەناو هۆڵەکەدایە، هۆکارەکانی گەرمکردن و ساردکردنەوە زۆر کۆن و بێ کەڵکن و شوێنی تایبەتیان نیە بۆ ئەوەی راگیراوەکان تیایدا پشو بدەن و بێنە بەرخۆر و هەروەها شوێنی مواجەهەشیان نیە و زۆرێك لە راگیراوەکانیش زیاتر لە (6) مانگە لەم بەندیخانەیە ماونەتەوە و لەلایەن دادگاوە کێشەکانیان یەکلایی نەکراوەتەوە.. لە درێژەی راپۆرتەکەی بەشی بەندیخانەکانی دیوانی وەزارەت راپۆرتی بەڕێوبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزووری لەخۆگرتووە و سەردانی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی شارەزووی کردووە کە بەرپرسیارە لە پاراستنی ئاسایشی هەر سێ قەزاکانی سەید سادق و شارەزوور و هەڵەبجەی شەهید... بەر لە هەمووشتێك ئەم بەڕێوبەرایەتیە بینای تایبەتی خۆی نیە و لە بینایەکی کۆندایە کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی پێش راپەرین و تەنها ژورێکیان هەیە بۆ راگیراوەکان... لە بنکەی پۆلیسی هەڵەبجەی شەهید-یش کە سەر بەبەڕێوبەرایەتیەکانی پۆلیسیی هەڵەبجەی شەهیدە و لەگەڵ هەمان بەڕێوبەرایەتی لەیەك بینایەتن و ژووری

راگرتنی گیراوەکانیش هەر لەناو بنکەکەدایە و لە (12) سەعات زیاتر گیراوەکان لای خۆیان ناهێڵنەوە، ئەگەر کەفالەت بیگرێتەوە ئەوە کەفالەتی بۆ دەکەن و ئەگەر ئەوەش نەبوو رەوانەی بەندیخانەی سلێمانی دەکەن، بنکەی پۆلیسی سەید سادق–یش بەهەمان شێوە تەنها ژوورێکیان هەیە لەناو بنکەکەدا و ساڵی پار چەند پێداویستیەکی وەکو (راخەر و دۆشەك و بەتانی) لەلایەن بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوورەوە بۆ دابینکراوە، بەلاّم بنکەی پۆلیسی پێنجوێن کەسەر بەبەرێوبەرایەتی پۆلیسی پێنجوێنە بینای تایبەت بە خۆیەوە هەیە و ژوورێکیان تەرخانکردووە بۆئەو بەندییانەی کە بۆ ماوەیەکی کەم (تەوقیف) دەکرێن لە دوایشدا رەوانەی بەندیخانەی شاری سلێمانی دەکرێن.

بنکەی پۆلیسی **هەڵەبجەی تازە** ئەم بنکەیە لەقەزای شارەزوورەو سەر بەبەرێوبەرایەتی پۆلیسی شارەزوورە و بینایەی سەربەخۆیان نیە و تیایدا ژوورێکی تایبەت بۆ راگیراوەکان تەرخانکراوە و لە دواین سەردانی بەشی بەندیخانەکان دەرکەوتووە کە (16) راگیراو هەبووە راپۆرتی ئەمجارەی بەشی بەندیخانەکانی بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤی رانیە کە گوزارشت لە هەردوو سنوری قەزای رانیە و قەلاّدزێ دەکات بە شێوەیەکی گشتی لە بنکەکانی گرتن و گواستنەوەی (ئاسایش و پۆلیس) ئەم کێشە و گرفتانەی خوارەوە بەدیکراوە: پێویستە کە بنکەکانی (ئاسایش و پۆلیس) ئاگاداربکرێنەوە کە هەر کەسێك دەگرن خانەوادەکانیان ئاگادار بکرێنەوە یان هەر نەبێ شوێنی گیرانەکانیان پێ بزانرێ.. چونکە راگیراو هەبووە هەفتەیەك زیاتر دەستگیرکراوە، بەلاّم کەسی ماڵەوەیان پێیان نەزانیووە، لەم رووەوە نوسراو بۆ وەزارەتی ناوخۆ کراوە، لەم بنکە و بەندیخانانەدا هیچ جێگایەکی تایبەت بە راگیراوەکان نیە بەهەموو رەگەز و تەمەکانەوە، بۆیە زۆرجاری وا هەبووە بنکەکانی لەگەڵ دادگا بۆ ئاسانکاری و زۆر بەزوویی راگیراوی ژن ئازاد دەکەن یان هەندێ لە بنکەکان بەبەردەوامی راگیراوەکانیان دەگوازنەوە بۆ بنکەیەکی تر، ئەم گرفتەش دەبێتە هۆی نارەحەتی کارمەندان و راگیراوەکان و هاتوچۆکردنی کەسوکاری راگیراوەکان.. لەرووی خزمەتگوزاری وەك (تەوالێت و حەمام و کارەبا و گۆرەپانی پشوودان و جلوبەرگی تایبەت بە راگیراوەکان و رایەخ و ئامێری گەرمکردنەوە و ساردکردنەوە لە وەرزەکانی هاوین و زستان) بە پێی راپۆرتەکە بە شێوەیەکی گشتی هەموو بنکەکان لەم خزمەتگوزارییانە بێ بەشن.

راپۆرتی بەشی بەندیخانەانی بەرێوبەرایەتی مافی مرۆڤی **چەمچەماڵ**–یش لەدوو توێی ئەم راپۆرتە گشتیەدا کە بەشی بەندیخانەکان لە دیوانی وەزارەت ئامادەیکردووە رونیانکردۆتەوە کە لە دوایین بەسەرکردنەوەیاندا لە ماوەی سێ مانگی رابردوودا (6) جار سەردان و بەدواداچوونیان بۆ بنکەی گرتن و گواستنەوەی چەمچەماڵ کردووە و لە دواین جاردا (26) کەس بەفەرمانی دادگا دەستبەسەرکرابوون و (11) سکالاّ لە راگیراوەکان وەرگیراوە کە (9) سکالاّیان تایبەت بوون بە کێشە یاساییەکانیان لەدادگای چەمچەماڵ (2) سکالاّش تایبەت بوون بە قایمقامیەتی چەمچەماڵ و بەدواداچوونیان بۆ کراوە.. بەلاّم ژووری بەندییەکان زۆر بچوك و نەشیاوە و لەیەك ژووری بچوك پێکهاتووە و (تەوالێت و حەمامەکەی کەوتۆتە ناو ژووری بەندکراوەکان) ئەمەش لە رووی تەندروستیەوە نەشیاوە، ئەمەش وایکردووە کە لەرێگای وەزارەتی مافی

مرۆڤـەوە هـەوڵی ئـەوە بـدرێت کـە ژووری بەندییـەکان نـۆژەن بکرێتـەوە و کـاری جیـددی بـۆ بکرێـت بـۆ دروستکردنی گرتووخانەیەکی نویٚ..

**لەبەندیخانەی ئاسایشی چەمچەماڵ**–یش لەکاتی سەردانیکردنی بەشـی بەندیخانـەکانی بەرێوبەرایـەتی مـافی مرۆڤ لە چەمچەماڵ تەنها (1) راگیراوی تێدا هەبووە و سـکاڵانامەیەکی بەرزکردۆتـەوە کـە تیایـدا داوا دەکـات بـەزوویی کێـشەکەی لـە دادگـا یـەکلایی بکرێتـەوە و هـیچ ئاماژەیـەکش بـۆ بـاری خزمـەتگوزاری و مرۆیـی نەکردووە..

ئەمەی خوارەوەش ئاماری هەر سێ مانگی (ئادار و نیسان و ئایار) ی بەندیخانەکانی کوردستانە..

# ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی ( ئادار 2008 )

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 305 | 275 |
| 2 | بنکەی  گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | - | 263 |
| 3 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 365 | 88 |
| 4 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی ئاکرێ | - | 13 |

**چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان**

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | 15 | 21 |
| 2 | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 18 | 33 |
| 3 | فەرماندەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی | 471 | - |
| 5 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | 14 | 6 |
| 6 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 17 | 7 |

**بەندیخانەکانی ئاسایش**

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| | ئاسایشی گشتی هەولێر | - | 105 |
| | ئاسایشی هەولێر | - | 97 |
| | ئاسایشی گشتی سلێمانی | - | 582 |
| | ئاسایشی  دهوَك | - | 175 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 1205 | 1665 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان 2870 | | |

تێبینی:

1. ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نیە.

هۆبەی بەندیخانەکان

# ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی (نیسان 2008)

| ژ | ناوی بەندیخانە | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی هەولێر | 318 | 294 |
| 2 | بنکەی  گرتن و گواستنەوەی سلێمانی | 431 | 296 |
| 3 | فەرماندەی گرتن و گواستنەوەی دهۆك | 370 | 114 |

**چاکسازیەکانی ئافرەتان و نەوجەوانان**

| ژ | ناوی چاکسازیەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | 19 | 12 |
| 2 | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | 20 | 35 |
| 3 | فەرماندەی چاککردنی کۆمەڵایەتی سلێمانی | 38 | - |
| 5 | چاکسازی ئافرەتانی دهۆك | 6 | 16 |
| 6 | چاکسازی نەوجەوانانی دهۆك | 17 | 7 |

**بەندیخانەکانی ئاسایش**

| ژ | ناوی بەندیخانەکان | ژمارەی مەحکومەکان | ژمارەی راگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاسایشی گشتی هەولێر | - | 112 |
| 2 | ئاسایشی هەولێر | - | 80 |
| 3 | ئاسایشی گشتی سلێمانی | - | 213 |
| 4 | ئاسایشی  سلیمانی | - | 192 |
| 5 | ئاسایشی  دهوَك | - | 171 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 1219 | 1542 |
| تێکرای ژمارەی بەندکراوەکان | | 2761 |

تێبینی:

ژمارەی بەندکراوەکانی ئاسایش جێگیر نییە.

ب. بەشی بەندیخانەکان

# خشتەی ئاماری بەندیخانەکان بۆ مانگی ( مایس 2008)

## یەکەم : پارێزگای هەولێر

| پۆلیسی هەولێر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شوێن / جۆر | | راگیراو | حوکمدراو | کۆی گشتی |
| 1– | بەندیخانەی ناوەندی هەولێر (مەحەتە) | 309 | 327 | 638 |
| 2– | چاکسازی نەوجەوانان | 25 | 25 | 50 |
| 3– | چاکسازی ئافرەتان | 21 | 16 | 37 |
| کۆی گشتی | | 355 | 368 | 713 |

| ئاسایشی هەولێر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شوێن / جۆر | | راگیراو | حکومدراو | کۆی گشتی |
| 1– | ئاسایشی گشتی/هەولێر | 134 | ــــــــ | 134 |
| 2– | ئاسایشی هەولێر | 199 | ــــــــ | 199 |
| کۆی گشتی | | 333 | ــــــــ | 333 |

**تێبینی:**

(1) ژمارەی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی سەر بە پۆلیس (355) راگیراو و (368) حوکمدراون.

کۆی گشتیان دەکاتە ( 713 ) بەندکراو.

(2) ژمارەی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی ئاسایش ژمارەیان (333) راگیراوە.

## دووەم: پارێزگای سلیمانی

| پۆلیسی سلێمانی |
|---|

| شوێن / جۆر | | ڕاگیراو | حوکمدراو | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1- | فەرمانگەی چاککردنی کۆمەلایەتی سلیمانی/ بەشی پیاوان | —— | 455 | |
| 2- | بەڕێوە بەرایەتی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی سلیمانی | 274. | —— | |
| 3- | فەرمانگەی چاککردنی کۆمەلایەتی سلیمانی/ بەشی ژنان | —— | 17 | |
| 4- | فەرمانگەی چاکردنی کۆمەلایەتی سلیمانی/ بەشی مندالآن | —— | 24 | |
| 5- | خانەی تێبینی (مندالّی ڕاگیراو ) | 22 | —— | |
| کۆی گشتی | | 296 | 496 | 592 |

| ئاسایشی سلێمانی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شوێن / جۆر | | ڕاگیراو | حوکمدراو | کۆی گشتی |
| 1- | ئاسایشی گشتی (ناوشار) | 68 | —— | |
| 2- | ئاسایشی سلێمانی (ناوشار) | 145 | —— | |
| 3- | ئاسایشی کەرکوك (سلێمانی) | 82 | —— | |
| کۆی گشتی | | 295 | —— | 295 |

**تێبینی:**

(1) ژمارەی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی سەر بە پۆلیس ( 296 ) ڕاگیراو و ( 496 ) حوکمدراون. کۆی گشتیان دەکاتە ( 592) بەندکراو.

(2) ژمارەی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی ئاسایش ژمارەیان ( 295) ڕاگیراوە.

## سێیەم : پارێزگای دهۆك

| پۆلیسی دهوك | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | شوێن / جۆر | راگیراو | حوکمدراو | کۆی گشتی |
| 1- | فەرمانگەی چاکسازی پیاوان | 98 | 369 | |
| 2- | فەرمانگەی چاکسازی ئافرەتان | 15 | 6 | |
| 3- | فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان | 12 | 15 | |
| | کۆی گشتی | 125 | 390 | 515 |

| ئاسایشی دهۆك | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | شوێن / جۆر | راگیراو | حوکمدراو | کۆی گشتی |
| 1- | ئاسایش دهۆك | 182 | —— | |
| | کۆی گشتی | 182 | | |

**<u>تێبینی:</u>**

(1) ژمارەی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی سەر بە پۆلیس ( 125 ) راگیراو و ( 390 ) حوکمدراون.
کۆی گشتیان دەکاتە ( 515 ) بەندکراو.

(2) ژمارەی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی ئاسایش ژمارەیان ( 182 ) راگیراوە.

## بنەکەکانی پۆلیس و ئاسایش لە شارو شارۆچکەکان :

## پارێزگای هەولێر:

| تێبینی | ژمارەی ڕاگیراو | ناو | |
|---|---|---|---|
| | 21 | بنکەی پۆلیسی کۆیە | 1– |
| | 5 | بنکەی پۆلیسی سۆران | 2– |
| | 5 | ئاسایشی سۆران | 3– |
| | 31 | ئاسایشی شەقلاوە | 4– |
| | 3 | ئاسایشی رۆژ هەلاتی هولێر/کۆیە | 4– |
| 65 | 65 | کۆی گشتی | |

## پارێزگای سلێمانی:

| تێبینی | ڕاگیراو | ناو | |
|---|---|---|---|
| | 26 | بنکەی پۆلیسی چەمچەماڵ | 1– |
| | 28 | بنکەی پۆلیسی دەربەندیخان | 2– |
| | 31 | بنکەی پۆلیسی کەلار | 3– |
| | 7 | بنکەی پۆلیسی کفری | 4– |
| | 19 | بنکەی پۆلیسی ڕانیە | 5– |
| | ــــــــ | بنکەی پۆلیسی هەڵشۆ | 6– |
| | 21 | ئاسایشی گەرمیان | 7– |
| | 5 | ئاسایشی شارەزوور | 8– |
| | 25 | ئاسایشی ڕاپەڕین | 9– |
| 165 | 165 | کۆی گشتی | |

## پارێزگای دهۆك:

| تێبینی | راگیراو | ناو | |
|---|---|---|---|
| | 36 | بنکەی پۆلیسی ئاکرێ | 1− |
| | 90 | بنکەی پۆلیسی زاخۆ | 2− |
| | ------- | ئاسایشی ئاکرێ | 3− |
| 126 | 126 | کۆی گشتی | |

| | |
|---|---|
| 356 | کۆی گشتی بنکەکانی پۆلیس و ئاسایش دەرەی پارێزگاکان |

**خشتەی ئاماری کۆتایی سەرجەم بەندیخانەکانی کوردستان**

**( راگیراو +حوکمدراو )**

| شوێن | راگیراو | حوکمدراو | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- | --- |
| ناوەندی پارێزگاکان | 1586 | 1254 | 2840 |
| دەرەوەی پارێزگاکان | 356 | ـــــــ | 356 |
| **کۆی گشتی راگیراو وحوکمدراوەکان لە هەرێمی کوردستان** | | | **3196** |
| (( 3196 )) | | | |

## بەشی سکاڵا

ئەوسکاڵانەی کە ئاراستەی وەزارەت کراوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە کەسەردانی وەزارەتیان کردووە یان بەنووسراو لەسندوقەکانی سکاڵاوە گەیشتووە یان بەنووسراو لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ونووسینگەکانەوە

ڕەوانـەی وەزارەت کـراوە وەڵام دراوەتـەوە بەنووسـراوی فـەرمی یـان بەتەلـەفۆن وبەدواداچـوونی پێویـستی بۆکراوە کە(41) سکاڵا ڕاستەخۆ ئاراستەی وەزارەت کراوە.

(10) سکاڵا لەلایەن نووسینگە وبەڕێوەبەرایەتییەکانەوە کاری پێویستیان بۆکراوە بەم شێوە:

نووسینگەی مافی مرۆڤی دهۆك (4) سکاڵا ب.مافی مرۆڤی شارەزوور (2) سکاڵا ب. ڕانیە (2)سکاڵا هەریـەك لەبەڕێوەبەرایەتی گەرمیان وئاکرێ یەك سکاڵا.کەکۆی گشتی سـکاڵاکان (51) سـکاڵای جۆراوجـۆرە زۆربـەی سکاڵاکان کێشەی تەندروستی بووکەژمارەیان (15) سکاڵا بوو سکاڵای بەندکراوەکان (7) سکاڵا کێشەی وون بوون (3) سکاڵا کێشەی دەست کورتی (3) سکاڵا کێشەی مووچەی خانەنیشین کراوەکان (3) سکاڵا.

کێشەی موچەی دیـل وکێـشەی زەوی زار هەریەکـە و (2) سـکاڵا و(16) کێـشەی جۆراوجۆرکەهەریەکەویـەك سکاڵا بوو وەکو کێشەی ئەشکەنجەدانی خوێنـدکاران /قوتابیـان کێـشەی دەرماڵـەی فەرمانبـەران، کێـشەی ووشکە ساڵی کێشەی موچەی ئەنفالکراوێك....

# وەڵامدانەوەی نووسراوەکان:

1- وەڵامی وەزارەتی داد بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی ( بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان ) بۆ نووسراومان ژمارە (328) لە بەرواری 2008/2/26 بەنووسرایان ژمارە (613) لە ڕێکەوتی 2008/3/6 سەبارەت بە سکاڵای ( چنور حمە امین صالح) .

2– نووسراوی وەزرەتی پەروەردە ب.گ./فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان ( بەرێوەبەرایەتی فێرکردنی بنەڕەتی ) ژمارە (1332) لە 2008/3/12 بۆ وەلامی نووسراومان ژمارە (2240) لە 2008/12/9 سەبارەت بە سکالای ( دلدار عبدالخالق محمد).

3– نووسراوی وەزارەتی خوێندنەوەی بالا ( توێژینەوەی زانستی ب.گ. دیوان) ژمارە (5958) لە 2008/4/10 بۆ وەلامی نووسراومان ژمارە (2334) لە 2007/12/31 سەبارت بەسکالای هاولاتی ( زبیر محمد رشید ).

4– وەلامی وەزارتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتە جێ کردن ژمارە (21569) لە بەرواری 2008/5/12 بۆ وەلامی نووسراومان ژمارە (670) لە 2008/5/6 سەبارەت بە سکالای هاولاتی ( عمر صالح علی ).

5– نووسراوی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی/ هۆبەی ڕامیاری ژمارە (3299) لە 2008/5/8 بۆ وەلامی نووسراومان ژملرە(639) لە 2008/4/30 سەبارەت بە سکالای هاولاتی ( مریم محمد اسماعیل ) کە مێردەکەی بە ناوی ( رحمن علی حسێن ) لە بەرێوەبەرایەتییەکەی ئەوان بەند نییە.

6– نووسراوی ( دائرە الجنسیە و الاحوال المدنیە/ کویسنجق ) ژمارە (626) لە 2008/6/2 بۆ وەلامی نووسراومان ژمارە (827) لە 2008/5/28 سەبارەت بە داواکاری ( بێریڤان حسێن صدیق ).

7– نووسراوی وەزارەتی تەندروستی/ ب.گ. کارگێری و دارایی ژمارە (6246) لە رێکەوتی 2008/5/29 بۆ وەزارەتی درایی و ئابووریی/ ب.گ. دارایی بە مەبەستی هاوکاری کردن و پێدانی یارمەتی هاولاتی سکالاکار ( حسین اسماعیل موسی ) وە وێنەیەکی ئەو نووسراوە بۆ وەزارەتمان لە وەلامی نووسراومان ژمارە (820) لە 2008/5/28.

# پێشنیارەکان

1– پێشنیار بۆموچەی خانەنیشین کراوەکان:

بەشی سکالا نوسراویان بەژمارە (721) لەرێکەوتی 2008/5/13 ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /سەرۆکایەتی دیوان کردوە وەکو پێشنیار بۆ بەرزکردنەوەی موچەی فەرمانبەرە خانەنیشین

کراوەکان وباردۆخی ژیانیان لەبەر چاوبگیرێت بەپێی مادەکانی (22) و(25) بڕگەیەك لەجارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ومادەی (11) لەپەیمانی نیو دەوڵەتی تایبەت بەمافەکانی ئابووری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیری ساڵی 1976.

2- پێشنیار بۆ دەرماڵەی فەرمانبەرانی هەڵگری (دووبڕوانامەی بکالوریوس):

نووسراو بەژمارە(734) لەرێکەوتی 2008/5/15 ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان کرد وەکو پێشنیار کراوە بۆ دابین کردنی دەرماڵەی تایبەت بەفەرمانبەرانی هەڵگری دوو بڕوانامەی بکالوریوس بەرێژەی 20 ٪ بیست لەسەدای موچەکەیان پاڵپشت بەمادەی (15) لەیاسای موچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت وکەرتی گشتی ژمارە (22)ی ساڵی 2008 چونکە ئێستا فەرمانبەرانی هەڵگری بڕوانامەی دووبکالوریوس ویەك بکالوریوس وەکو یەك دەرماڵەیان بۆ خەرج دەکرێت بیٚ ئەوەی هەڵگرانی دوو بڕوانامەی بکالوریوس هیچ ئیمتیازێکیان هەبیٚ!

**خشتەی سکاڵاکانی مانگی ( سێ ) و( چوار )و( پێنجی ) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ**

| ژ | ناوی سکاڵاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | م،ص،ع | ــــــ | کێشەی ئابووری | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (395) لەبەرواری 2008/3/12 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاراستەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی/بەڕێوەبەرایەتی گ. گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی. | | | | | |
| 2 | ب،ك،ح | —— | کێشەی کەم ئەندام | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (429) لە2008/3/18 ئاراستەی کۆمەڵەی مانگی سوری عێراق/هەولێر کرد وەهاوکاری کرا لەلایەن کۆمەڵەی ناوبراوەوەبە بەشەخۆراك. | |
| 3 | ح،ع،ك | —— | کێشەی ئابووری | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (515) لە 2008/4/6 ئاراستەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی/ب.گ.گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کردبەمەبەستی برینەوەی مووچەی مانگانە. | |
| 4 | ع،م،ع | —— | کێشەی زەوی زار | | لەڕێگای رۆژنامەی (هاوڵاتی ) ژمارە 396 چوارشەمەلە2008/2/13 سکالای ئاراستەی وەزارەتمان کردووە نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (411) لە2008/3/16ئاراستەی ب.گ/شارەوانیەکانی سلێمانی کردووە بەمەبەستی هاوکاری کردنی. | |

**خشتەی سکاڵاکانی مانگی (سێ) و( چوار)و( پێنجی) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ**

| ژ | ناوی سکاڵاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | ن،غ،ر | ـــــــ | داواکردنی گەڕانەوە بۆسەرکار. | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (428) لەبەرواری 2008/3/18 ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی شارەزوور کرد بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی سکالاکار بەبڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (1706) لە 20078/7/9. | |
| 6 | ع،م،ع،ع | ـــــــ | داواکردنی مافەکانی ئاوارەی گەڕاوە لەئێران | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (426) لە2008/3/18 ئاراستەی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.ب.گ ئاوارەکان کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی. | |
| 7 | ا،ح،ا | ش،ا،ح | کێشەی تەندروستی | | بەڕێوەبەری کاروباری مافی مرۆڤ ئاگاداری کردینەوە کەوا کێشەی ناوبراو چارەسەرکرا.تەنها بەراییەکان لامان ماوە. | |
| 8 | م،س،ك | ـــــــ | ئەشکەنجەدانی خوێندکارانی/قوتابیان | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (628) لە 2008/4/29 ئاراستەی ب.گ/پەروەردەی هەولێر کرد بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەو بەدواداچوون بۆ نەهێشتنی ئەشکەنجەدانی خوێنداران وقوتابیان. | |

**خشتەی سکالاکانی مانگی ( سێ ) و( چوار )و( پێنجی ) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ**

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 9 | ا–ن،ع،ا<br>ب–ك،ر<br>ج – م،ك،ق | ـــــ | کێشەی مووچەی خانەنیشین. | | داواکارییەکانیان کرابە پێشنیار بەنووسراوی فەرمیمان ژمارە (721) لە2008/5/12 ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /سەرۆکایەتی دیوان کرد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنشنکراوەکان لەکوردستان . | 9 |
| 10 | م،ك،ق | ـــــ | کێشەی مووچەی خانەنیشین | | داواکاریەکانیان کرا بەپێشنیار بە نووسراوی فەرمیمان ژمارە (721) لە2008/5/13ئاراستەی سەرۆکایەتی دیوان کرد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنیشینکراوەکان لەکوردستان. | 10 |
| 11 | ك،ر<br>ع، ح<br>ع،ا<br>ج،ح | ـــــ | کێشەی مووچەی خانەنیشین | | سکالایان لەژمارەی (416)ی رۆژنامەی (هاولاتی) رۆژی 2008/4/23 بلاوکردۆتەوە داواکاریەکانیان کرا بەپێشنیار بەنوسراوی فەرمیمان ژمارە (712) لە2008/5/13 ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان کرد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنیشینکراوەکان لەکوردستان | 11 |

**خشتەی سکالاکانی مانگی ( سێ ) و( چوار )و( پێنجی ) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ**

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکا | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ن | | |
| 12 | ع،ص،ع | ـــــ | كێشەی دیاری کردنی راژە | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (670) لەبەرواری 2008/5/6 ئاراستەی ب.گ/رێگاوبانی هەولێر کرد بەمەبەستی دیاری کردنی راژە. وەبەرێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو بەنووسراویان ژمارە(2156) لە2008/5/12 وەلامیان داینەوە کەوالەسالّی (1977) وەتا سالّی(1998) فەرمانبەر بووە لەسەر میلاکی وەزارەتی ئاوادانکردنەوەو نیشتەجێکردن | |
| 13 | ح،ح،م،ا ص،ح د،ب،ح ص،ع | ـــــ | پێشنیار بۆدەرماڵەی فەرمانبەرانی هەڵگری دووبڕوانامەی بکالۆریۆس | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (734) لە 2008/5/15 ئاراستەی سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان کرد وەکوپێشنیار بۆخەرجکردنی رێژەی 20٪ دەرماڵەی فەرمانبەرانی دووبڕوانامەی بکالوریۆس بەپێی مادەی (15) لەیاسای مووچەی فەرمانبەران دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە(22) ی ساڵی 2008 | |
| 14 | ز،ن،ع | ـــــ | كێشەی وشکەساڵی | | نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە(641)لە 2008/4/30 ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵ /ب.گ.دیوان کرد وەرۆژی 2008/5/14 پەیوەندیمان کرد بەسکالاکارەوە وەئەو ووتی: لەسەر نووسراوی سەرەوەتان پەیوەندیمان کردووە بەبەرێوەی گشتی سامانی ئاژەلی دکتۆر (رفعت)لەدیوانی وەزارەتی کشتوکال.وەئەویش پەیوەندکردبەفەرمانگەی کشتوکالیلە(مخمورو دیبەگە)بەمەبەستی دابینکردنی (ئالیك) بۆ ئاژەلەکانیان وپاشان دەفتەرەکانیان دابە ودوو فەرمانگە یە بەمەبەستی وەرگرتنی مادەی | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | داواکراو. | |

## خشتەی سکاڵاکانی مانگی (سێ) و(چوار)و( پێنجی ) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکاڵاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 15 | ف،م،ر | منداڵێکی ف کەتەمەنی 4ساڵانە | کێشەی تەندروستی کونێك لەدڵیدا | | نووسراویفەرمیمان بەژمارە(638) لەبەرواری 2008/4/3 ئاراستەی وەزارەتیتەندروستی/ب.گ.کاروباری تەندروستی کرد پاشان رۆژی 2008/5/14 پەیوەندیمان کرد بەهاوڵاتی باوکی منداڵەکەلەسەر داوای وەزارەتی تەندروستی بۆچارەسەری کێشەکەی بەڵام سکاڵاکار ووتی لەسەر ئەرکی دەزگای خێرخوای (بارزانی) نەشتەرگەری قەستەرەی دڵ بۆمنداڵەکەی ئەنجام دراوە لەسەنتەری نەشتەرگەری دڵ لەهەولێر.رۆژی 2008/5/13 وەسکاڵاکار زۆر خۆشحاڵی خۆی دەربری بۆهاوکاری کردنی لەهەردوو لا. | |
| 16 | ی،ع،م | ـــــ | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (702) لە2008/5/12 ئاراستەی پارێزگای هەولێر کرد بەمەبەستی ناردنی نەخۆشەکە لەرێگای ئەوانەوە بۆنەخۆشخانەی کۆریەکان لەهەولێر. | |
| 17 | م،م،ا | ر،ع،ح | کێشەی دیاری کردنی چارەنووس | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(639) لە2008/4/3 ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی کردووە بەمەبەستی دیاری کردنی چارەنووس | |
| 18 | ا،م،ر | ـــــ | کێشەی کۆمەڵایەتی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(640) لە2008/4/30ئاراستەی ب.گ/گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی | |

**خشتەی سکاڵاکانی مانگی ( سێ ) و( چوار )و( پێنجی ) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ**

| ژ | ناوی سکاڵاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 19 | ئ،ج | —— | کێشەی وون بوون | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (636) لە 2008/4/30 ئاراستەی ب.گ/ئاسایشی هەولێر کرد بەمەبەستی دیاری کردنی چارەنووس لەئەنجامدا بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش بەنووسراویان (3260) لە2008/5/19 وەڵامیان داینەوە ناوبراو لایان بەند نی یە. | |
| 20 | ش،ع،ق،ع | ن،ع،ق،ع | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(703) لە 2008/5/12 ئاراستەی رێکخراوی ( Heart land ) ی ئەمەریکی /بنکەی تەندروستی ئابلاخ/سلێمانی کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی. | |
| 21 | ف،ا،ع | —— | کێشەی زەوی زار | | نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە(826) لە2008/5/28 ئاراستەی ب.گ/شارەوانیەکانی سلێمانی /بەرێوەبەرایەتی زەوی زار کرد وەبەرێوەبەرایەتی ناوبراویش بە نووسراویان ژمارە (5357) لە 2008/5/29 داواکاریان بەرزکردەوە بۆ وەزارەتی شارەوانی. | |
| 22 | م،ع ،ا | —— | کێشەی تەندرویستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (715) لە2008/5/17 ئاراستەی رێکخراوی ( Heart land )) ی ئەمەریکی /بنکەی تەندروستی ئابلاخ/سلێمانی کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی. | |
| 23 | م،ع،ا | —— | کێشەی تەندرویستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (713) لە2008/5/17 ئاراستەی رێکخراوی ( Heart land )) ی ئەمەریکی /بنکەی تەندروستی ئابلاخ/سلێمانی کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی | |
| 24 | ف،ا،خ | —— | کێشەی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (714) لە | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | تەندروستی | | 2008/5/13 ئاراستەی رێکخراوی ( Heart land )) ی ئەمەریکی /بنکەی تەندروستی ئابلاخ/سلێمانی کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی | |

**خشتەی سکاڵاکانی مانگی ( سێ ) و( چوار )و( پێنجی ) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ**

| ژ | ناوی سکاڵاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 25 | ع،ا،م | ـــــــ | کێشەی تەندرویستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە (752) لە13 /2008/5 ئاراستەی ڕێکخراوی ( Heart land )) ی ئەمەریکی /بنکەی تەندروستی ئابلاخ/سلێمانی کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی | |
| 26 | ا،ا،س | ن،ا،س | کێشەی پەناهەندەیی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(806) لە2008/5/25 ئاراستەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بغداد کرد بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار. | |
| 27 | ج،ن،ا | ـــــــ | کێشەی مووچەی ئەنفالکراو | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(829) لە2008/5/28 ئاراستەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی سکاڵاکار. | |
| 28 | ب،ح،ص | ـــــــ | کێشەی ناسنامەی باری کەسێتی | | نووسراوی فەرمیمان بە ژمارە(827) لە2008/5/28 ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی کۆیە کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی. | |
| 29 | س،ع | ـــــــ | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(828) لە 2008/5/28 ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کرد بەمەبەستی هاوکاری وچارەسەرکردن. | |
| 30 | و،ع،ا | ـــــــ | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(756) لە 2008/5/19 ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کرد بەمەبەستی هاوکاری وچارەسەرکردن. | |
| 31 | ج،م،ل | ـــــــ | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(754) لە | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نەخۆشی دڵ | | 2008/5/19 ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کرد بەمەبەستی هاوکاری وچارەسەرکردن | |

## خشتەی سکالاکانی مانگی (سێ) و(چوار)و(پێنجی) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکالاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکالا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 32 | م،ن،م | ـــــــ | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(735) لە2008/5/15ئاراستەی بنکەی تەندروستی (هێلینا) کرد بەمەبەستی هاوکاری کردنی | |
| 33 | ف،ج،گ | ـــــــ | کێشەی تەندروستی(ئایدز) | | لەرێکەوتی 2008/5/25 سکالاکارمان ئاگادارکردەوە کەپێویستە سەردانی نەخۆشخانەی (رزگاری) یان (فێرکاری) هەولێر بکات بۆچارەسەرکردن. | |
| 34 | ك،ن،ا | 1- ا، ك<br>- م،ك | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(708) لە2008/5/25 ئاراستەی بنکەی تەندروستی (هێلینا) کرد بەمەبەستی ناردنیان بۆنەخۆشخانەی (کۆریەکان) لەهەولێر | |
| 35 | ن،ا،ص | م،م ،م | کێشەی مووچەی خانەنیشینی (ئەسیر) | | نووسراوی فەرمیمان بەزمانی عەرەبی بەژمارە(810) لە2008/5/26 ئاراستەی (جمعیە المحاربین القدامی /هەولێر کرد بەمەبەستی گەرانەوەی خەرجکردنی مووچەکەی. | |
| 36 | ب،ا،خ | ع،ع،م | کێشەی گەرانەوەی مووچەی (مفقود) | | نووسراوی فەرمیمان بەژمارە(816) لە2008/5/27 ئاراستەی (جمعیە المحاربین القدامی /هەولێر کرد بەمەبەستی گەرانەوەی خەرجکردنی مووچەکەی. | |
| 37 | ح،ا،م | ـــــــ | کێشەی تەندروستی | | نووسراوی فەرمیمان (820) لە2008/5/27 ئاراستەی وەزارەتی | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | تەندروستی کرد بەمەبەستی هاوکاری وچارەسەرکردنی. | |

## خشتەی سکاڵاکانی مانگی ( سێ ) و( چوار )و( پێنجی ) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ

| ژ | ناوی سکاڵاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 38 | ص،ح،ت | ج،م،ب | خێزانی | 1 | لە رێگای نووسینگەی ( ئاکرێوە ) یارمەتی ژنەکە دراوە لە نەخۆشخانەو وەبە فەرمی کردنی کێشەی نێوانیان لە بنکەی پۆلیس و گەیاندنی کێشەکە بە دادگای لێکۆڵینەوەو پاشان بە ئاشتیبوونەوەی هەردوو لا لە دادگای لێکۆلێنەوەی ئاکری کۆتایی هات. | ن/ ئاکرێ |
| 39 | م،م،ی | ن،ع،م | کێشەی وون بوون | | نووسراوی بۆ کراوە بۆ بەرێوەبەرایەتی ماف مرۆڤی سلێمانی بە ژمارە (183) لە بەرواری 2008/5/8 بە مەبەستی سۆراغ کردنی لە بەندیخانەکاندا بەڵام پاشان ئاگدار کراینەوە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ماف مرۆڤی گەرمیانەوە کەوا ناوبراو ئازادکراوە لەلایەن تیرۆرستانەوە | ب/ گەرمیان |
| 40 | ف،م،س | | کێشەی زیندانی | | حوکمدراو لە گرنووخانەی سلێمانیەوە وەکوو سزادان گواستراوەتەوە بۆ گرتووخانەی ( زرکا ) لە دهۆك وەکو سزادان وە داواکاریەکەیان دراوەتە بەشی بەندیخانە لە وەزارەتمان. | ن/ دهۆك |
| 41 | ش،م،م | | کێشەی زیندانی | | هەمان کاری پێویست بۆ ئەنجام دراوە. | ن/ دهۆك |
| 42 | ن،ش | | کێشەی زیندانی | | هەمان کاری پێویست بۆ ئەنجام دراوە. | ن/ دهۆك |
| 43 | ك،ص،م | | کێشەی زیندانی | | هەمان کاری پێویست بۆ ئەنجام رداوە. | ن/ دهۆك |

**خشتەی سکاڵاکانی مانگی ( سێ ) و( چوار)و( پێنجی ) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ**

| ژ | ناوی سکاڵاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 44 | ئ،ع،ن | | کێشەی خێزانی | | کێشەکەیان للایەن بەرێوەبەرایەتی ماف مرۆڤی شارەزوورەوە چارەسەر کرا. | ب. شارەزوور |
| 45 | ر،ح،ل،ق | | کێشەی خێزانی | 1 | کێشەکە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ماف مرۆڤی شارەزوورەوە چارە سەر کرا. | ب. شارەزوور |
| 46 | ن،ص،س | | کێشەی خێزانی | | کاری پێویست و بە دواداچوونی بۆ کراوە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ماف مرۆڤی ڕانیەوە. | ب. ڕانیە |
| 47 | خ،و،ر | | کێشەی خێزانی | | کاری پێویست و بە دواداچوونی بۆ کراوە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ماف مرۆڤی ڕانیەوە. | ب. ڕانیە |
| 48 | ف،ح،ر | ج،ع،س | وون بوون | | نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی ب.گ. ئاسایشی سلێمانی کردنی بە مەبەستی سۆراغ کردنی | |
| 49 | ع،ع،ح | | کێشەی زیندانی | | بە پێی سێ مادده حوکم دراوە مادەی 393-260-456 لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (111) ی ساڵی 1969 هەموار کراو ئاگادار کرایەوە کەوا سکاڵاکەی ئاراستەی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بکات. | |

**خشتەی سکاڵاکانی مانگی ( سێ ) و( چوار )و( پێنجی ) /2008 وەزارەتی مافی مرۆڤ**

| ژ | ناوی سکاڵاکار | ناوی مەبەست | جۆری سکاڵا | ژمارەکان | کاری پێویستی ئەنجام دراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 50 | ج،م،ش | | کێشەی زیندانی | | ئاگادار کرایەوە کەوا تنازلی نییە 30٪ شموولی نەکردووە لە بەر ئـەوەی (قتـل مقترن بالسرقە) یە. | |
| 51 | ع،م،ص | | کێشەی زیندانی | | ئاگادار کرایەوە کەوا تنازلی نییە 30٪ شمولی نـەکردوە چـونکە ( قتـل مقـترن بالسرقە ) یە. | |

# *بەشی ڕێکخراوەکان*

دەکرێ وەکو هەموو جارەکانی دیکە چالاکیەکانی بەشی ڕێکخراوەکان وەك لایەنێکی پەیوەندیدار لە نێوانی وەزارەت و ڕێکخراوەکانی (UN) و یۆنسێف و مەدەنیەکان چڕبکەینەوە و لەماوەی سێ مانگدا (ئادار و نیسان و ئایار) بە چەند چالاکیەکی هەمەجۆر پوخت بکەینەوە. وەکو بەشداریکردنی ئەم بەشە لە خولێکدا لەمەڕ مافی مرۆڤ لە ئوسترالیا و ئامادەباشی بۆ بەستنی کۆبوونەوە ئاساییەکانی بۆردی ڕاوێژکاری و بەشداریکردنیان لە خولێك بەناوی (مافی مرۆڤ و ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی) کە لەلایەن پەیمانگای ئەمریکی بۆ ئاشتی ئەنجامدراو بەشداریکردنیان لە خولێکی تر بەناوی (الموارد البشریە) کەلەلایەن وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم بەهاوکاری ڕێکخراوی (USAID) بەرێوەچوو.

هەر لە درێژەی بەشداریکردنیان لە خولەکاندا بەشی ڕێکخراوەکان بەشداری لە خولی (القیادە و الاتصالات) و (الادارە المشاریع) کە هەردووکیان لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم بەهاوکاری ڕێکخراوی (USAID) ڕێکخرابوو.

لەبەرنامەرێژی سێ مانگەی چالاکیەکانیدا دیسانەوە ڕێکاری و هەماهەنگی و ڕێکخستنی دیدارێکی سازدا لە نێوانی وەزارەت و ڕێکخراوی ئاشتی مەسیحی ئەمریکی و پەیوەندی و هەماهەنگی کردن لەگەڵ ڕێکخراوی یۆنامی سەبارەت بەو خولەی کەلە وڵاتی ئوردون لەبارەی پرۆگرامسازی پلان و مافی مرۆڤ بەرێوەچوو...

هەروەها هەماهەنگی و ڕێکخستنی دیدارێك لە نێوانی وەزارەت و ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەشەپێدانی تواناکانی لاوان و بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەی فۆکەل پۆینتەکان لەگەڵ دکتۆر دیندار زێباری لێپرسراوی ئۆفیسی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری (UN) و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی گرنگترین پوختەی کارو چالاکی ئۆفیسی ڕێکخەری حکومەتی هەرێم بۆ (UN) بۆ وەزارەت، بەشداریکردنیشیان وەك فۆکەل پۆینتی وەزارەت لە کۆنفرانسی وڵاتانی کۆمەك بەخش کەلە هەولێر ساز و ئامادەبوو.

ئەم بەشە سەرباری بەشداریکردنی کاریگەرانەی لەگەیاندنی ئەنجامی کۆبوونەوەکانی بۆردی ڕاوێژکاری کار بەبەردەوامی بۆ پەیوەندی نێوانی وەزارەت و ڕێکخراوەکان دەکات هەر لەم سێ مانگەدا کاری ڕێکخستن و پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان وەزارەت و ڕێکخراوی (UNOPS) سەبارەت بە تاوتوێکردنی پرۆژەی ڕەشنوسی یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان کردووە و ئەو ڕاپۆرتەی کە دەرئەنجامی ڕاگەیەنراوی بنەما و پێوەرەکانی چوارچێوەی تەنزیمی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی عێراقی بۆ وەزارەت بەرزکردۆتەوە کە لەلایەن ڕێکخراوی (UNOPS) بڵاوکرابۆوە.

# * پانۆرامای هەواڵەکان*

## ڕێکخراوی( unops ) ئامادەیە کادیر لە بوارەکانی مافی مرۆڤ پێبگەیەنێ....

بۆ چڕکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی(unops) لە پێناو چاککردن و پێگەیاندنی کادیری پسپۆڕ لە بورای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت بە بەندیخانەکان..ڕۆژی2008/3/4 بەڕێز د.شوان شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەتدا پێشوازی لە خاتوو (ئیمان صیام) بەڕێوەبەری پڕۆژەکان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد...

لەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عمر رشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ ئامادەیبوو... وەفدی میوان تیشکیان خستە سەر لایەنی ڕەوشی بەندیخانەکان لە کوردستان و چۆنیەتی مامەڵەکردنی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەگەڵیدا و چۆنیەتی بە پیرەوەچوونی داواو پێشێلکاری و سکاڵاکانی زیندانیان بۆ ئەم مەبەستەش ڕایگەیاند کە ئامادەن خولی تایبەت بە پێگەیاندنی کادیری وەزارەت تایبەت بە پەیڕەوکردنی مافەکانی مرۆڤ لە بەندیخانەکان بگاتەوە....

لەبەرامبەر وەزیری مافی مرۆڤ بۆ وەفدەکەی دووپاتکردەوە کە لەمەڕ ڕەوشی بەندیخانەکانی کوردستان کاری باشی ئەنجامداوە و نووسینگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەت بەبەردەوامی سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن و ڕاشیگەیاند کە خودی خۆی سەردانی بەندیخانەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکی کردووە و لەسەرەتا ژمارەیك کێشە لە بەندیخانەکاندا هەبوو هەندێ لە زیندانیان بڕیاری بەرەڵلاکردکنیان لەلایەن دادوەرەوە بۆ دەرچووبوو، بەڵام هەر لەبەندیخانە مابوونەوە و زۆرێك لە زیندانیان بەپێی یاسا دەبێ لەماوەی (6) مانگدا دادگایی بکرابان، کەچی ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەم ماوەیە تێپەڕبوو و دادگا نەکراون... هەروەها دەوامنەکردنی (داواکاری گشتی) لە بەندیخانەکان بەهۆی نەبوونی شوێنی دەوامکردن و دەستنیشانکردنی هەندی ٚ پێشێلکاری (ئەشکەنجە)دان...

ئەوەبوو لە دوو تۆی ڕاپۆرتێکدا بۆ سەرۆکایەتی حکومەت ئەوانەی بڕیاری بەرەڵلاکردنیان درابوو بەرەڵلاکران و ئەوانەی لە ماوەی یاسایی خۆشیانەوە زیاتر مابوونەوە و دادگایی نەکرابوون ئەوانیش بەزوویی درانە دادگا و لەگەڵ هەردوو وەزارەتی داد و ناوخۆ-ش پەیوەندیکرا (داواکاری گشتی) لە بەندیخانەکان دانرا...

بۆ کێشەی ئەشکەنجەدانیش سزای ئەو کەسە درا کاری ئەشکەنجەدان ئێستا لە بەندیخانەکان دەگمەنە...

ئەوەشی ڕاگەیاند ئەگەر هەرچی سکاڵای ئاسەواری ئەشکەنجەدان بگاتە وەزارەت ئێمە بەداوی دادەچین و داوای سزادان بۆ بکەری ئەم کارە دەکەین...

هەر لە درێژەی قسەکانیدا بۆ وەفدی میوان ئاماژەی بەو لێبوردنە گشتیەدا کە لەمانگی تەموزی 2007 لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەرچوو و لە (3500) زیندانی (660) زیندانی تیادا سوودمەندبوون، دیارە ئەمەش بەشێکە لە چاکسازی بەرەو مەدەنیەت.

لەلایەکی دیکەوە وەزیری مافی مرۆڤ بۆ بەرێوەبەری گشتی پرۆژەکانی (unpos) رونکردەوە کە نەبوونی بینایەی شیاو لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی بۆ بەندیخانە بۆتە هۆکارێك بۆ کێشە بەتایبەت بەتایبەت لەڕووی تێکەڵبوونی زیندانیان لەرووی ئەو مادە یاساییانەی کە پێی بەندکراون، بەلاّم لەم دواییە بریارێکی نوێ لە سەرۆکایەتی حکومەت دەرچوو بۆ دروستکردنی بەندیخانەی تازە لە هەولێر و سلێمانی هەتا لە شاروشارۆچکەکانیش. هەر لە روانگەی چاکسازی لە بەندیخانەکاندا ئاماژەشی بەوەدا کە بەپێی بریارێکی دیکەی سەرۆکایەتی حکومەت هەموو بەندیخانەکان خرانە سەر (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلاّیەتی) بۆئەوەی یەك لایەن سەرپەرشتی ئەم رەوشە بکات تا لە زیکەوە لێك حاڵیبوونێك هەبێت.

وەفدەکە ئەوەی خستەڕوو کە تا چەند وەزارەت هاوکارە لەگەڵ رێکخراوە ناحکومیەکان و کارکردنی پێکەوەیان هەیە...؟

لە وەلاّمدا روونکرایەوە کە لە وەزارەت بۆردێکی راویژکاری هەر لە سەرەتای دروستبوونی وەزارەت لە کابینەی پێنجەمی حکومەت دروستبوو و ئەو رێکخراوانەی کە تایبەتمەندێتیان لە بورای مافەکانی مرۆڤ هەیە تیایدا ئەندامن لەمانە (یونسێف) و (یونامی) و هاوکاریکردنێکی باش لەم بوارە بەدیدەکرێ.

لە تەوەرێکی دیکەدا هەر دوولا جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە کارێکی چاکدەکرێ کە هەردوولا سەردانی بەندیخانەکان بکرێ و هاوکاری لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێ کە لەناو بەندیخانە کاردەکەن و بەشداری خولەکانیان کردووە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە فێری رێنماییەکان بکەن...

لە کۆتای ئەم دیدارەشدا جارێکی دیکە وەزیری مافی مرۆڤ دەستنیشانی ئەم کارە گرنگانەی کرد کە سەرۆکایەتی حکومەت ناویەتی بۆ چاکسازی لە بەندیخانەکاندا و بە بەڕیاری سەرۆکایەتی حکومەت بەندیخانەی (ئاکرێ) داخرا....

لە رووی کردنەوەی زیاتری خولەکان وەفدی میوان ئامادەباشی خۆیان دەربڕی بۆ کردنەوەی خول بۆ کادیرانی وەزارەت و پۆلیسی دادوەر و ئەوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن....

دواجاریش خۆشحاڵی خۆیان بەم دیدارەدا دەربڕی و ئەم جۆرە لێکنزیبوونانەوەیان بە کرایێکی پڕ لە ئەنجام وەسفکرد....

## وەفدێکی کۆنگرێسی ئەمریکی

## سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤ-یان کرد...

بەمەبەستی چۆنیەتی گوزەران و بەشداریکردنی ئەوانەی کە هەڵگری ئاینی غەیرە موسڵمانن لە حکومەت و دەزگاکاندا لەم دەڤەرە... رۆژی 2008/3/11 وەفدێکی حکومەتی ئەمەریکا لەمەڕ مافە ئاینییەکان کە لە گۆنگرێسی ئەمریکی هەڵبژێردرابوون سەردانی دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان (کریت مایکل) سەرۆکی لێژنەکە و خاتوو (پیترا باستان) جێگری سەرۆك و ژمارەیەك لە ئەندامان و فەرمانبەرانی نێو ئەم لێژنەیە و لەلایەن د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا و ئەم سەردانەش بە بەشێك لە پەیوەندیکرن و تێڕوانینی حکومەتی ئەمەریکا بۆ بەسەرکردنەوەی چۆنیەتی پاراستنی مافەکانی ئایندارە غەیرە موسڵمانەکان وەسفکرد و کە بەشێکی گرنگی رەوشی مافی مرۆڤە و لە کوردستان بەشێوەیەکی چاك پەیڕەو دەکرێ....

لەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عمر رشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ ئامادەیبوو، وەفدی میوان باسیان لە چۆنیەتی گوزەران و چۆنیەتی مامەڵەکردن و بەشداریکردنی ئەوانەی هەڵگری ئاینی غەیرە موسڵمانن بەتایبەتی مەسیحیەکان و یەزیدییەکان کرد کە تا چەند لەم رووەوە مافیان دراوەتێ....

لە بەرامبەردا د.شوان مەحەمەد عزیز روونیکردەوە کە هەموو ئاینەکان لە کوردستان بەبێ جیاوازی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ و لە پەرلەمان و حکومەت بەشدارن و بە بەردەوامی پشتگیرییان لێدەکرێت و یارمەتیان دەدرێت و تا ئێستاکە لەم رووەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هیچ پێشێلکارییەك دەرهەق بەمانە نەکراوە بە پێچەوانەوە لە سیستەمی خوێندندا مەسیحیەکان قوتابخانەی تایبەت بەزمان و ئاینی خۆیانەوە هەیە و هەموو مەسیحیەکانیش ئازادن لەوەی کەنیسا بکەنەوە کە ئەمیان پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە هەیە، لەرووی ئەوەی کە تا ئێستاکە مەسیحیەکانیش هیچ سکالآیەکیان رووبەڕووی وەزارەت کردبێتەوە.... ئەمەیان تا ئێستاکە نەبووە و لەرووی یاسایی شەریعەتیشەوە مەسیحیەکان یاسای شەریعەتی تایبەتی خۆیان هەیە... هەروەها بەگوێرەی یەزیدییەکانیش هەمان مافیان لەم دەڤەرە بۆ دەستەبەرکراوە.

ئینجا وەفدی میوان دەربارەی رەوشی مافی مرۆڤ و ئەو ئاستەنگانەی کە دێتە پێشەوە چەند پرسیارێکیان رووبەڕووکردەوە و وەزیری مافی مرۆڤیش ئەوەی راگەیاند ئەو ئاستەنگانەی کە رووبەڕووی ئەم رەوشە دەبێتەوە کێشەی منداڵانی سەرشەقام و توندوتیژی دژی ژنان و ئەمەشیان بەبەردەوامی کاری بۆ دەکرێ و

لەم رووەوەش بۆردێکی راوێژکار لە وەزارەت هەیە و ژمارەیەك رێکخراوی نا حکومی کە تایبەتمەندێتی ئەم رەوشەیان هەیە و هەردوو مانگ جارێك کۆدەبێتەوە بۆ تاوتوێکردنی کێشەکان...

لە چۆنیەتی تەعامولکردنیش لەگەڵ ئەو سکالاًیانەی کە دەگاتە وەزارەت کە زیاترینیان لەمەڕ کێشەی بەندیخانە و دادگایە ئەوە وەزارەت لە رێگای بەڕێوەبەرایەتیەکانی خۆیەوە بۆ لایەنی پەیوەندیداری دەنێرێ لە حاڵەتێکدا ئەگەر هیچ وەلاًمێك دەستنەکەوت بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بەرز دەکاتەوە.

لە وەلاًمی پرسیارێکی وەفدی میوان لەمەڕ ئەوانەی کە لە ترسی تیرۆر و تیرۆرستان لە ناوەراست و خوارەوەی ولاًت رادەکەنە کوردستان کە ئایا هەموویان مافی ئەوەیان هەیە لێرە بژین و منداڵەکانیان مافی ئەوەیان هەیە بەزمانی خۆیان بخوێنن....

لەمەشدا د.شوان مەحەمەد عزیز رایگەیاند کە مافی تەواویان هەیە و قوتابخانەی تایبەت بەزمانی خۆیان بۆیان کراوەتەوە و ژیانی رۆژانەی خۆیان بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەدەبەن...

لە تەوەرێکی دیکەدا بۆ وەفدی میوان روونیکردەوە کە بایەخێکی چاك بە مافەکانی ژنان دراوە بەتایبەت لە رووبەڕووبوونەوە لەم توندوتیژییەی کە دێتە رێگایان لەمانە کە جاران ئەو ژنانەی بە بیانوی شەرەفەوە دەکوژران و بکوژەکە لە دادگا حوکمێکی یاسایی سووك دەدرا... ئەم ماددە یاساییە گۆڕاو بوو بە کوشتنی ئەنقەست و سزایی ئەم ماددە یاساییە وەردەگرێ، هەروەها ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان کار لەسەر چەند یاسایەك دەکرێ کە ئەوانیش هەر لە بەرژەوەندی ژناندا دادەبن... شایانی باسە ئەم دیدارە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند.

## له كۆبوونەوەی ئەمرۆی بۆردی راوێژكاری باس له كێشەی له سێدارەدان و توندوتیژی و هۆكاری چارەسەرییەكان كرا.

لـه درێـژەی كۆبوونـەوەكانی بـۆردی راوێـژكاری لـه وەزارەت بەبەشـداریكردنی ژمارەیـەك لـەم رێكخراوەنـا حكومیانـەی لـە هـەرێمی كوردسـتان لـە بـواری مـافی مـرۆڤ كـار دەكـەن رۆژی (2008/3/25) لـە هـۆڵی كۆبوونەوەكانی وەزارەت بە ئامادەبوونی بەرێز د. شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ كۆبوونەوەیەكی تر سازدرا.

بەپێی خشتەی كارەكانی كۆبوونەوەكە كە لەلایەن بەشی رێكخراوەكان لە دیـوانی وەزارەت ئامـادەكرابوو لـە سەرەتادا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەو دیدارەكرد كە لەگەڵ بەرێز سەرۆكی پەرلەمان ئەنجامیدابوو و تیایدا بەدرێژی گفتوگۆیان لەمەڕ سزای لە سێدارەدان كردبوو كە لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ ناكۆكە، داواشیكردوە ئەم سزایە بە پێی ماوەی ئەم بڕیارەی بۆ دانراوە كە ماوەی دوو ساڵ كاری پێدەكرێ و خەریكە تەواو دەبـێ هەڵبگیرێ، چونكە لە زۆر لایەنی پەیوەندیدارەوە ئاگاداركراونەتەوە ئەم كارە لەگەڵ سیستەمی مەدەنیـەت و دیموكراتیەت ناگونجێ، بەڵام سەرۆكایەتی پەرلەمان پێی باشە جارێ ئەم سـزایە بمێنـێ، چـونكە بـارودۆخی وڵات وا دەخوازێ... وەزیری مافی مرۆڤ.

هەرلە روانگەی ئەم باسەوە ئەوەشـی راگەیانـد لەگـەڵ سـەرۆكایەتی پەرلـەمان كـۆكن لەسـەر ئامـادەكردنی پرۆژەیەك بەمەبەستی كورتكردنەوەی ماوەی ئەم سزادانە ئـەویش بگاتـە ئـەو ئاسـتەی كـە تاوانبـار بەحـەق شایستەی لە سێدارەدانە.

لەم رووەوە سەرۆكی پەرلەمان بەڵێیندا ئەم مەسەلەیە لە دووتوێی پرۆژەیەك بخاتەروو.

لەبڕگەیەكی دیكەی خشتەی كارەكانی ئەم كۆبووەوەیە كە تیایدا نوێنەرانی (باڵیۆزخانەی ئەمریكا)لە بەغدا و (قونسـوڵیەی بـەریتانی) و ژمارەیـەكی بەرچـاو لـە رێكخـراوە ناحكومیـەكانی ئەنـدام لـە بـۆردی راوێـژكاری ئامـادەیبوون گفتوگـۆ لەسـەر لیژنـەی بەدواداچـوون و توندوتیـژی دژی ژنـان كـرا و كۆمـەڵێ راو بۆچـوون و پێشنیار هاتە ئاراوە و ئاماژەش بەهەندێ دیاردەی زەق كرا كە ئەمرۆ ئەم رەوشـە بەدەسـتیەوە دەنـاڵێنێ و باسیش لەوە كرا هەندێ لەم شوێنانەی بۆ حەوانەوەی ئەم جۆرە ئافرەتانە دانراون دەرەقەتی وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرەیان نایەن لەمانە سەنتەری (نەوا) چـونكە نـەبوونی جێگـا و رێگـا و پـشتگیری هۆكارێكـە بـۆ ئـەم مەسەلەیە.

هەروەها بەشداربووان پێشنیاری ئەوەیانكرد كە ورك و شۆپ و خول بكرێتەوە بەتایبەت لەناو دادگاكان تا لـە نزیكـەوە بـچنە نـاو كێـشەكانەوە لەبەرامبـەردا د. شـوان محەممـەد عـەزیز ئامادەباشـی وەزارەتـی لـەرووی

دابینکردنی بوودجه بۆ ئەو رێکخراوانەی کە خول و وۆرك شۆپ بۆ ئەم کارە دەکەنەوە دەربری و بە هەنگاوێکی سوودمەندی وەسفکرد.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بەشێك تەرخانکرا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتەکانی (یۆنامی) و (وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا) کە بەم دواییانە لەمەر چۆنیەتی بەرێوەچوونی رەوشی مافی مرۆڤ لە هەموو ولآت ئامادەکرابوو لە برگەیەکیشدا باس لەم رەوشە لە کوردستاندا دەکات و چەند راوبۆچونێك لەم رووەوە هاتە ئاراوە بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن لە مەسەلەکان و پەیوەندیکردنی زیاتر تا بە راست و دروستی لەمەودوا راپۆرتەکان دابرێژرێتەوە.

لەتەوەری پێشنیارەکانیش زیاتر ئەوە خرایە روو کە ئەم بەرێوبەرایەتیانەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئافرەتان کردونیەتەوە هەر تەنها ناو شارەکان نەگرێتەوە بەلکو شارو شارۆچکەکانیش بگرێتەوە و پشتگیری تەواویشیان لێ بکرێ تا لە ئان و ساتی خۆیاندا کارەکانیان بەسەرکەوتوویی بکەن..

ئەم کۆبوونەوەیە کە هەردوو بەرێوبەرانی گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ و دیوانی تیا ئامادەبوون نزیکەی دوو سەعاتی خایاند.

## ئێمە چەکی مافی مرۆڤ-مان هەیە
## بۆ دۆستایەتی گەلان..

لە چوارچێوەی بایەخدانی وەزارەتی مافی مرۆڤ بە هەوڵ و ماندوبوونی ئەم پسپۆڕ و چالاککار و دەزگا و رێکخراوانەی کە کار بۆ چەسپاندن و بەرەو پێشەوە بردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکەن.. رۆژی 2008/4/2 لە دیوانی وەزارەت بەرێز د. شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ رێزی لە هەردوو بەرێزان پەخشان زەنگەنە سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان و عوسمان موفتی نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف نا، لەبری ئەوەی کە ئەم دوو کەسایەتیە چ لە میانی کارەکانی خۆیاندا و چ لە میانی فەرمانگەکانیان وەك چۆن لە رابردوودا کاریگەری ئیجابیانەیان لە بواری بنەماکانی مافی مرۆڤ هەبووە، ئێستاش بەهەمان شێوە ئەم دەورەیان لەبەردەوامبوندایە جا چ لە پرۆژەکانی کارکردنی خۆیان لە پەرلەمان و چ لە وەزارەتی ئەوقاف کە باری ئایینی لەم رووەوە قورسایی خۆی هەیە و ئەوانیش درێغیان لە هۆشیارکردنەوە و ئاشناکردنی ئەم رەوشە بینیوە.

لە نزیکەوە وەزیری مافی مرۆڤ بۆ رێزلێنەران دووپاتیکردەوە ئەوان شایانی ئەم رێزلێنانەن، چونکە ساڵانێکی زۆرە بێ پچڕان چالاککارانیی خۆیان نواندووە، ئاماژەشی بەوەدا وەزارەتی ئەوقاف لەرووی ئەو توندوتیژی و پێشێلکارییانەی رۆژانە دەرهەق بە بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکرێ هەردەم لە کار و چالاکیدا بوە بەتایبەت لە رێگای خوتبە خوێنەکانی مزگەوتەکان و بڵاوکردنەوەی بەرنامە ئاینیەکانی خۆیان کە ئەم دیاردەیان بەکارێکی دوور لە شەریعەتی ئایینی و مرۆیی وەسفکردووە.

لەبەرامبەردا خاتوو پەخشان زەنگەنە رۆڵی هاوکاری و یارمەتیدانی وەزارەتی مافی مرۆڤی لەم بوارەوە بەرز نرخاند و ئەم رێزلێنانەشی بەهەنگاوێکی گرنگ و شایستە نیشاندا و راشیگەیاند کە ئەم جۆرە رێزلێنانانە زیاتر گوڕوتین بە ئەوان دەدات کاری زیاتر بکەن بەتایبەت لە میانی لیژنەی خۆیانەوە ئەویش لیژنەی داکۆکیکردنە لەمافەکانی ژنان و ئافرەتان.

لەبەشێکی دیکەی ئەم دیدارە کە هەردوو بەرێوبەرانی گشتی دیوان و کاروباری مافەکانی مرۆڤ ئامادەیبوون د. شوان محەممەد عەزیز رایگەیاند وەزارەت بەردەوام دەبێت لەسەر رێزلێنانی ئەم کەس و رێکخراوانەی لە بواری مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی جیددی و لە خۆبوردووانە کاریانکردووە و کار دەکەن و بە پێی وتەکانی وەزیری مافی مرۆڤ کە گووتی: ئێمە چەکی مافی مرۆڤ–مان هەیە بۆ پتەوکردنی زیاتری پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دونیادا.

## لە وەزارەتی مافی مرۆڤ

## وەفدی ئاژانسی ( سیدا )ی سویدی باسی لە مافی دەربڕینی رای ئازاد و رەوشی رۆژنامەنووسان کرد.

سەر لەبەیانی رۆژی (2008/4/10) بەرێز د.شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە وەفدێکی ئاژانسی (سیدای)ی سویدی کرد کە بە سەردانێك گەیشتونەتە کوردستان.

لەدەستپێکی ئەم دیدارەدا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەم چالاکیانە کرد کە کاریگەرییان لەم بوارەدا هەبووە و لە نێوانیاندا چالاکیەکانی بۆردی راوێژکاری کە ژمارەیەك لە رێکخراوە ناحکومیەکان و (un) و یۆنامی و نوێنەرانی هەردوو باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و بەریتانی تیایدا بەشدارن، هەروەها باس لەو چالاکیانە کرا کە پەیوەندییان بە توندوتیژی دژی ژنانەوە هەیە لە میانی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی دژی ژنان و دەستنیشانکردنی ئەم کارو کردەوانەی کە بۆ ئەم رەوشە ئەنجامدراوە.

لەتەوەرێکی دیکەدا وەفدی میوان باسیان لە دەربڕینی بیروڕای ئازادکرد لە بواری رۆژنامەنووسییەوە کە تا چەند رۆژنامەنووسی لەم دەڤەرە ئازادە لە بۆچوون و دەبڕینەکانیان.

لەبەرامبەردا د. شوان محەممەد عەزیز رایگەیاند کە یاسای رۆژنامەنووسی ئێستا لە پەرلەمانە و بەم زووانە پەسند دەکرێ و بەپێی ئەم یاسایە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووس و کاری رۆژنامەنووسی دەکرێ و جەخت لەسەر دەربڕینی بیروڕای ئازاد کراوەتەوە.

هەروەها باس لەم لایەنانە کرا کە خولی راهێنان بۆ پۆلیس دەکەنەوە بۆ تێگەیاندنیان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رەوشی مافی مرۆڤ و زانینی خاڵەکانی پێشێلکاری کە تا ئێستا ژمارەیەك خول لەم بوارە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ ئەم مەبەستە بۆ پۆلیسان کراوەتەوە.

لەتەوەرێکی تردا باس لە یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان کرا کە بە دەسکەوت و کارێکی باش وەسفکرا تا ببێتە بناغەیەکی هەمیشەیی بۆ بەرێوەچوونی کارەکانی رێکخراوە نا حکومییەکان.

لەبواری هاوکاریکردنی نێوان وەزارەت و ئاژانسی (سیدا)ی سویدیش وەفدی میوان رایانگەیاند کە ئەوان بەنیازن لە پلانی (2009)ی خۆیان بواری هاوکاریکردن بۆ کارەکانی وەزارەت برەخسێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بەرەو پێشبردنی رەوشی مافی مرۆڤ، شایانی باسە ئەم دیدارە سەعاتێکی خایاند و ژمارەیەك لە لێپرسراوانی وەزارەت ئامادەبوون.

## مەراسیمی باڵیۆزانی مافی مرۆڤ لەدەڤەری سۆران

بەمەبەستی زیاتر بەشداریکردنی پسپۆران بۆ پێگەیاندنی کادیری بوارەکانی مافی مرۆڤ و تێگەیاندنی کۆمەڵگای کوردەواری و لە درێژەی پرۆژە و چالاکیەکانی نووسینگەی سۆرانی مافی مرۆڤ و بە ئامادەبوونی خاتوو (تاڤگە عومەر رەشید) نوێنەری وەزیری مافی مرۆڤ مەراسیمی دابەشکردنی بڕوانامە بەسەر بەشداربووانی کۆرسی پێگەیاندنی راهێنەرانی مافی مرۆڤ ئەنجامدرا....

ئەم کۆرسە لەسەرەتای ئەمساڵ لەلایەن نووسینگەی ناوبراو بۆ ماوەی یەك مانگ ئەنجامدرابوو و تیایدا (30) کەسایەتی لە ناوچەکەدا بەشداربوون و لەدوایشدا گرووپی باڵوێزانیان پێکهێنا وەك گرووپێکی خۆبەخش و شارەزا بۆ ئەوەی بەستاندەرە تازەکانی مافی مرۆڤ کار بکەن بۆ پاراستن و گەشەپێدانی مافی مرۆڤ.

هەر لەم مەراسیمەدا (خاتوو تاڤگە) وتەیەکی پێشکەشکرد تیایدا ئاماژەی بەم دیاردەمەدەنیەکارییەدا کە دەکرێ لەمەودوا بە شێوازێکی زانستیانە مامەڵە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ بکرێ.

راشیگەیاند کە ئەم گرووپە بە رێچکەی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا هەنگاو دەهاوێژن و دەبنە پێشەنگێك بۆ کەسانی دیکە لە پێناوی گەیاندنی هۆشیاری مافی مرۆڤ بەهەموو دەوروبەرەکاندا... ئینجا لێپرسراوی نوسینگە و مامۆستا عەلی کەریم راهێنەری کۆرسەکە لە جیاتی گرووپەکە لە وتەکانییان ستایشی رۆڵی ئەم باڵوێزانەیان کرد بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزەی کە گرتیانە ئەستۆ بۆ گەیاندنی پەیامێکی مرۆڤایەتی وا کە پێویستە هەموو کەسێك پێی ئاشنابێت و شارەزایی لە مافی کەسێتی خۆی هەبێت. دواجاریش دەستکرا بە دابەشکردنی بڕوانامەکان بەسەر ئەم گرووپە و جەختیش لەسەر هاوبەشی و هەماهەنگی هەموو لایەك کرایەوە بۆ چاودێریکردن و پاراستن و پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ.

شایانی باسە لەم مەراسیمەدا ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوانی حکومەت و حیزبی ئامادەبوون.

# کوشتنی ژنان بەرێژەیەك كەمبۆتەوە

بۆ زیاتر پێزانی ئەو کارانەی کە وەزارەتی ماف مرۆڤ لە مەڕ دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان ئەنجامیداوە.. رۆژی 2008/4/15 وەفدێکی پەیمانگەی کۆماری نێودەوڵەتی ئەمریکی سەردانی دیوانی وەزارەتیان کردو لەلایەن بەڕێز د. شوان محەمەد عەزیز وەزیری ماف مرۆڤ پێشوازییان لێوەکرا.

لە دەستپێکی ئەم پێشوازییەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر رەشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ماف مرۆڤ و مەنسور حەمەکەریم راوێژکاری وەزارەت ئامادەیبوون بە وردی باس لەم هەنگاو و چالاکییانە کرا کە وەزارەت بۆ کەمکردنەوەو بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە ئەنجامیداوە.. هەر لەم روانگەیەوە وەزیری ماف مرۆڤ ئاماژەی بەوەدا کە لە ساڵانی رابردوو ئەم دیاردەیە بەرێژەیەکی بەرچاو دەبینرا، چونکە مادده یاسای (409)ی لەسەر جێبەجێدەکراو ئەویش تاوانی شەرەف بوو، بەڵام دەرکەوت زۆرجار لە رێگای هەوەسی کەسێکەوە ئەم تاوانە دەکرا، بۆیە وەزارەتی ماف مرۆڤ هەر لە رۆژی دەستبەکاربوونی لە کابینەی پێنجەم کەوتۆتەخۆ بەگەرمی بەدواداچوونی بۆ ئەم کێشەیە کرد بەمەبەستی بنبڕکردن و کەمکردنەوەو تاگەیشتە ئەوەی ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرایەوەو لێژنەیەکی کارامەی لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ دانراو لێژنەکە لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانیدا کاروچالاکی ئیجابیانەیان نواند بەتایبەت هەردوو وەزارەتی ناوخۆو ئەوقاف و کە رۆڵی زۆر گرنگیان بینی... هەر لە بەدواداچوونەکانی وەزارەتی ماف مرۆڤ لەمەڕ ئەم مەسەلەیە توانرا مادده یاسای (409) بۆ مادده یاسای (406) یانی کوشتنی بە ئەنقەس بگۆڕدرێ و لە یاسای لێبوردنی گشتی ئەم ماددەیە لێبوودن نەیگرێتەوە، دیارە ئەمانەش کاریگەریان هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیەو دەتوانرێ ئێستا ئیعلانی ئەوە بکەین کە ئەم دیاردەیە لە هەموو کوردستان لە مانگێکدا ناگاتە ژمارەی پەنجەی دەست...

لەلایەکی دیکەشەوە هەر لەسەر ئەم مەسەلەیەوە دەستنیشانی رۆڵی تیمی گەڕۆکی وەزارەتی کرد لە رووی سەردانیکردنی لادێکان کە لە میانی ساڵی (2007)دا ئەم تیمە (70) گوندیان بەسەرکردۆتەوەو تیایدا باسیان لەم مەسەلەیەو ئاشناکردنی ماف مرۆڤ و هوشیارکردنەوە کردووە.

هەروەها وەزیری ماف مرۆڤ باسی لەو پرۆژە گرنگەی وەزارەتی ماف مرۆڤی بەهاوکاری قونسولیەی بەریتانی کرد کە دەربارەی هەم کێشە ئەنجامیدەدەن و لەنیوانیاندا سەردانی گوندەکان و پەخشکردنی بەرنامەی تایبەت لەلایەن هونەرمەنداوە کە تەعبیر لەم دیاردەیە دەکات و لە هەمانکاتیشدا دەستنیشانی هۆکارو چارەسەرییەکانی تێدا دەکرێ.

لەبەرامبەردا وەفدی میوان ئەم بەرنامەڕێژییەی وەزارەتیان بەهەند وەرگرت و بە کارێکی ئیجابیان وەسفکردو داواشیان کرد کە پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوانی هەموو لایەنە پەیوەندارەکان هەبێت و بەهێزتر بکرێ بۆ بنبڕکردنی بەتەواوی ئەم دیاردە ترسناکەی ئەمڕۆ لەدستان بەدیدەکرێ کە لەگەڵ هیچ نەریت و ڕێنماییەکی ئایینی و نەتەوەیی ناگونجێ.

*** لیژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی مێینە ***

لە ئەنجامی دەستپێشخەرییەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەمەڕ پێشێلکارییەکان توندوتیژی دژی مێینە و ئەم دیاردە کۆمەڵایەتیە ترسناکە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (لیژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی مێینە)ی پێکهێناو هەموو ئەم وەزارەت و لایەنانە تیایدا بوونە ئەندام و وەزارەتی مافی مرۆڤ-یش سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیەی پیسپێردرا.
ئەوەبوو کەوتنە کاروچالاکی و کۆبوونەوەکانی خۆیان دەستپێکرد و وەزارەتەکانی ناوخۆ و ئەوقاف و مافی مرۆڤ ڕۆڵی زۆر گرنگیان لەم بارەیەوە بینی بەتایبەت لە ئەنجامی بەدواداچوونی کار و پێشنیارەکانی ئەم لیژنەیە وەزارەتی ناوخۆ لەهەر سێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەڕێوەبەرایەتیەکی دروستکرد بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی مێینە) و تا ئێستاکە سەرباری ئەوەی کە لەم کارەدا تازەن، بەڵام توانیویانە سەرنجی هاوڵاتیان رابکێشن لایەنێك هەیە زۆر بەجددی بەدواداچوون بۆ ئەم دیاردەیە دەکات و بە شێوازێکی یاسایی لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەم دیاردەیە مامەڵە دەکات و بڕیاری دوایی پەرلەمانی کوردستان کوردستان-یان لەسەر جێبەجێدەکرێ کە ماددە یاسای (406)ە و ئەنجامەکانیشی لایەنی باشی لێکەوتۆتەوە.... لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی-یش هەنگاوی کۆمەڵایەتی گەورەنراوە لەبواری کاری مامۆستایانی ئاینی و خوتبە خوێنی مزگەتەکان و فتوای ئەم مەلا ژنانەی کە مەراسیمی پرسەی ژنان بەڕێوەدەبەن کە دیاردەی کوشتنی ژنان دیاردەیەکە دوورە لە هەموو عورف و عاداتێکی مرۆیی و ئاینی، چونکە لە ئاینی ئیسلامدا خۆسوتان و خۆکوشتن و کوشتن بە هەموو شێوەکانی نەهی لێکراوە و لەگەڵ ئەم بیروباوڕە ناگونجێ کە ئەمەشیان تا سنورێك سەدا و چاکی خۆی لەناو کۆمەڵگادا هەبووە.
وەزارەتی مافی مرۆڤ-یش بەپێی ئەو بەرنامە ڕێژییەی کە هەمیشە بۆ بنبڕکردنی پێشێلکارییەکان هەیەتی بەگەرمی ئەم مەسەلەیەی لای خۆیەوە تاوتوێکردووە و لە ڕێگای بەشەکانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەکانی خۆیەوە لە شار و شارۆچکەکان بەدواداچوون و کاری بۆ کردووە و دەیکات و بەپێی ئەم ئامارە رەسمیانەی کە دەگاتە وەزارەت-یش ئەم دیارەدەیە روو لە کەمبوونەوەیە، دیارە ئەمەش جێی پەنجەی کاری ئەم لیژنەیە و لایەنە بەشداربووەکانی تیا دیارە و بە ئومێدیشەوە دەڕوانرێتە دوارۆژی ئەم دیاردەیە کە هەموو لایەك بە شێوەیەکی عاقڵ مەندانە سەیری بکەن.

***سەردانی گوندەکان ***

هەر لەسەرتای دروستبوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێك لەو پلانانەی کارکردن کە بۆ نەهێشتنی پێشێلکارییەکان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بەرەوشی مافی

مرۆڤ.... ئشناکردنی خەڵکی لادێکان بوو بەم ڕەوشە، چونکە لادێکان کاریگەرییەکی زۆریان لەم بوارەدا هەیە و هۆشیارکردنەوەش لەم لایەنەوە زەروورییەتێکی بنەڕەتیە بۆئەوەی ئەم ڕەوشە پیرۆزە بگاتە دوورترین شوێن تا هەموو تاکێك لەم کۆمەڵگایە ئەرك و داواو مافی خۆی لە نزیکەوە بزانێ و لەهەمان کاتیشدا بزانێ کە مافی بەرامبەر چیە و یاساش لەم مەیدانەدا چ کاریگەرییەکی هەیە....

بۆ ئەم مەبەستە تیمی گەڕۆك لە بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی سەر بە وەزارەتی مافی مرۆڤ لەمیانی ئەمساڵدا لەبەرنامەڕێژی خۆیان بۆ ئەم بوارە سەردانی ژمارەی لە گوندەکانی کوردستانیان کردووە کە لەم ڕاپۆرتەدا لە چالاکی ئەواندا دەستنیشانکراوە، لەم گوندانەدا سەرباری نواندنی چالاکی هەمەجۆر کۆڕوکۆبوونەوەیان سازداوە و بۆ تێگەیاندن و ئاشناکردنیان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و هۆشیارکردنەوەیان. دیارە کارو سەردانی ئەم تیمە گەڕۆکانەی وەزارەتیش هەر لەم بنەمایانە سەریهەڵداوە کە دەبێت لادێکان ببنە لادێی سەردەم بەتایبەت لەڕووی تێگەیشتنیان لە ژیانی مەدەنیەت و تێگەیشتنیان لەم مەسەلە چارەنووسسازەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە تێگەیشتن لە ڕەوشی پاراستنی مافی مرۆڤ، ئەم گەڕانە و سەردان و بەستنی کۆڕ و نواندنی چالاکیانەش لەلادێکان بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئەم ئاستە ڕۆشنبیرییە مرۆڤایەتیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چەکەرە دەکات و هەنگاوی مەزنتر بەخۆوە دەبینێ.

## لێژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان لە وەزارەتی مافی مرۆڤ کۆبۆوە....

لە دریژەی کۆبووەوەکانی لیژنەی بەدواداچوونی لیژنەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان سەرلەبەیانی رۆژی 2008/4/23 لە دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لێژنەی ناوبراو بە سەرۆکایەتی د.شوان مەحەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەریمی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەرێز جۆرج منصور وەزیری هەرێم بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، نوینەری ئەنجومەنی وەزیران و نوینەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کۆبۆوە.

سەرەتا باس لە گرنگی ئامارەکانی سەنتەری بەدواداچوونی توندوتیژی کرا وە تاکە سەرچاوەی فەرمی بۆ ئەم کارانە لە کوردستان.، پاشان باس لە گرنگی یەکخستنی فۆرمی ئامارەکانی سەنتەرکانی بەدواداچوونی توندوتیژی هەولێر و سلێمانی کرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەری وەزارەتە ئامادەبووەکان باس لەکاری لێژنەکەیان کردوو پێشنیاری خۆیان پێشکەشکرد.

وە چۆنیەتی بەرەو پێش بردن و چاککردنی کارەکەیان، پاشان تەئکید کرایەوە سەر رۆلی وەزارەتی ناوخۆ و سەنتەری بەدواداچوون و دابینکردنی پێداویستی ئیداری بۆ کارەکانیان. هەروەها جەخت کرایە سەر رۆلی مامۆستا و وتار خوێنەکانی مزگەتەکان کە لە وتارەکانیان بۆ کۆمەلأنی خەڵك روونبکەنەوە کە ئەم دیاردەیە لەگەڵ رێبازی پیرۆزی ئاینی ئیسلام ناگونجێ و پێویستە هەموو لایەك دەور بگێرپن بۆ بنبڕکردنی ئەم مەسەلەیە.وە باس لەسەر باشکردنی رەوشی سەنتەرکانی حەوانەوەی ژنان و ئافرەتان کرا وە جەخت کرایەوە سەر زیادکردنی ژمارەیەیان.

سەبارەت بە رۆلی وەزارەتی داد، پێشنیار کرا بە دانانی حاکمی تایبەت بۆ سەنتەرکانی توندوتیژی بەمەبەستی پەلەکردن لە بەرپۆەچوونی کارەکان کە بەرێژەیەکی بەرچاو دواکەوتوون لە بەرپۆەبەردنی کارەکانیان کە لە دادگا ئەبینرێت.

# گرووپی کوردی لە ڕێکخراوی دژبە ڕگەزپەرستی لە نەرویژ سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی کرد.

ڕۆژی 2008/4/24 لە دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ بەڕێز د.شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ چاوی کەوت بە کاك سەعد خالید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەفدی گرووپی کوردی لە ڕێکخراوی دژ بە ڕەگەزپەرستی لە نەرویژ (SOS).
لەو دیدارەدا باس لە گرنگی بریاری دادگای بالآی بەغدا کرا سەبارەت بەوەی کە ئەنفالی وەك جینۆساید بریاری لەسەر داوە، هەروەها بریاری پەرلەمانی عێراقیش کە ئەنفالی بە حینۆساید ناساندووە و دواتریش پەرلەمانی کوردستان ئەو بریارەی دەرکردووە.

هەوەها باس لە هاوکاری حکومەت و ڕێکخراوەکە کرا بۆ جیهانی ناساندنی حینۆسایدی گەلی کورد لە هەموو ڕێگایەکەوە وەك (un) ویەکە یەکە ولآتانی دونیاه.
هەروەها باس لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە لەم بابەتە کە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەهەولێر بەسترا بۆ ئەم مەبستە کە چەندین پسپۆر و شارەزا لە کوردستان و عێراق و جیهان بەشداریان کردبوو بە توێژینەوە و باس و لێکۆڵینەوە کە دەسپێکێکی باش بوو لەم ڕوانگەیەوە. هەروەها پێشنیار کرا کە دەرەوەی هەرێمی کوردستان لیژنەیەك دابنرێن بۆ هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن بە جیهانی ناساندنی گەلی کورد.
گرووپەکە ڕایانگەیاند کە بەنیازی داواکارین لەگەڵ حیزبی سەوزەکانی ئەورووپا بکەن بۆ تاوتوێکردنی جیۆناسایدی گەلی کوردستان.

## وەڵامێك بۆ رۆژنامەی ( رۆژنامە )

### * رۆژنامەنووس دەبێ بە بێلایەنی كار بۆ كێشەكان بكات..

پێمانوایە كاری پیرۆزی رۆژنامەنووسیی لە هەموو دونیادا گەیاندنی حەقیقەتی مەسەلەكانە نەك ئاوەژووكردنەوەی و دەبێت رۆژنامەنووس لەم گەیاندنە زۆر بێلایەنانە بابەتەكان دابرێژی و وتەی هەموو لایەنەكان تۆمار بكات و ئینجا بیخاتە سەر كاغەز... دیارە رۆژنامەی (رۆژنامە) لە ژمارە (211)ی بەرواری (2008/5/1) لەمەڕ نوسینگەی مافی مرۆڤ لە كۆیە ئەمەی نەكردووە و بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم پەرەگرافانەی كە پەیوەندی بە نوسینگەكەمانەوە هەیە یەكە یەكە روونكردنەوەی خۆمانی لەسەر بدەین تا هەموو راستیەكان بەبەڵگەوە دیار بن.

﴿لە ستوونی یەكەمی بابەتەكە هاتووە كە گوایە دوای پیشاندانی گیراوان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكان بەر لە یەكلاییكردنەوەی دادگایی كردنیان كەسوكاری ئەمانە چوونەتە بنكەی مافی مرۆڤ لەكۆیە و وەزارەتی ناوخۆ و سكاڵایان تۆمار كردووە﴾.

بەگوێرەی ووتەی نوسینگەی مافی مرۆڤ لە كۆیە رایدەگەیەنین كە كەس لە خانەوادەنەكانی ئەم گیراوانە نەهاتوونەتە ئێرە بەفەرمی هیچ سكاڵایەكیان تۆمار نەكردووە كە باس لە تەحەڕووشی سێكسی بكەن نە بەشێوەی نوسین و نەبە شێوەی زارەكی.

لە چەند پەڕەگرافێكی دیكەی بابەتەكەی رۆژنامەی (رۆژنامە) دیسانەوە تەنها گوێ لە گیراوەكان گیراوە و تیایدا هاتووە: ﴿گوایە بەبەرچاوی ئێمەوە لە گیراوەكان درا بێت﴾

بە دڵنیاییەوە ئەم قسەیە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئامانجی بەدواداچوون و سەردانەكەی ئێمە بۆ لای ئەوان لەناو بەندیخانە و لەكاتی سەردانیمان بۆ نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لە كۆیە، چونكە ماوەی زیاتر لە دو سەعات لەگەڵ هەردوو لادا دانیشتووین و گفتوگۆمان كردووە و هیچ قسەیەكی وایان بەرامبەر بە ئێمە نەكردووە و بەتروكانیش نەیان تروكاندووە و ئەم رەفتارەی رۆژنامەی (رۆژنامە)ش نوسیویەتی لەبنەڕەتدا بێ بنەمایە و بەڵگەی قسەكانیشمان ئەو راپۆرتانەیە كە لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤ بڵاودەكرێتەوە و بەشێكی ئەم راپۆرتەش كارو چالاكیەكانی نوسینگەی مافی مرۆڤە لە كۆیە كە بەردەوام لەگەڵ قایمقامیەتی قەزای كۆیە و لایەنە پەیوەندیدارەكان و بەرپرسەكانی هێزی ناوخۆ لە سنورەكە هەوڵدراوە كاروباری بەندیخانە و زیندانیەكان باشتر بكرێت لە هەموو روویەكەوە، بۆیە دەبوایە بنوسانی ئەم بابەتە وەك چۆن وتەی ئەوانیان تۆماركرد سەردانی نووسینگەی كۆیەشیان بكردایە و راو بۆچوونی نوسینگەشیان لەمەر ئەم كێشەیە تۆمار

بکردایه و سەیری بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی تایبەت بەو کێشەیان بکردایە کە لەلای نوسینگە پـارێزراوە، ئینجـا ناوی ئێمەیان بهێنایە و بەم چاوە رەخنە ئامێزییـەوە نوسـینەکەیان بڵاونەکردایەتـەوە کـە دوورە لـە هـەموو عورفێکی بێلایەنی رۆژنامەنوسیی.

جـا ئێمـە لێـرەوە جـارێکی دیکـە رایدەگەیەنینـەوە وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ کـاری سـەرەکی بەدواداچـوونی پێشێلکارییەکانە کە دەرهەق بە زیندانی یـان هـەر مرۆڤێکـی دیکـە دەکـرێ نـەك گـەڕان بـەدوای دۆزینـەوەی تاوانبار و بێتاوان و وردەکاری دۆسیەی گومانلێکراو و تاوانبار، چونکە ئەمانە ئەرکی یاسا و دادگایە.

## له وەزارەتی مافی مرۆڤ
## پرۆژەی دیاردەی منداڵانی سەرشەقام تاوتوێکرا

بۆ زیاتر قووڵبوونەوە بەناو کێشەی کارپێکردنی مناڵانی خوار تەمەنی یاسایی و منداڵانی ئیشکارانی سەر شەقامەکان و هاوبەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان سەر لە بەیانی رۆژی 2008/5/13وەفدێکی رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان سەردانی دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤی یان کردو لەلایەن بەڕێز د.شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازیان لێوەکرا.

له دەسپێکی ئەم دیدارە وەفدی میوان بە وردی باسیان لە کاروچالاکییەکانی خۆیان کرد کە بە مەبەستی بنبڕکردنی دیاردەی کارپێکردنی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی ئەنجامیان داوەو بەبەردەوامی کاری بۆ دەکەن رایانگەیاند:

رێکخراوەکەیان بەپێی بەرنامەرێژییەکی تۆکمەو بەهاوکاری وەزارەتی پەروەردەلە جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئەم منداڵانەی قوتابخانە جێدەهێڵن و روو دەکەنە کارکردن گەشتێکی مەیدانیان بۆ ژمارەیەك لەم قوتابخانانە ئەنجامداوەو لەنزیکەوە ناو و ئەدرێسی ئەو قوتابییانەیان وەرگرتووە و سەردانی خانەوادەکانیان کردوون لە کێشەی ئەم جێهێشتنەیان کۆڵیوەتەوەو لە هەندێ حاڵەتدا دەرکەوتووە کە لەبەر باری گوزەرانی بووە...

رێکخراوەکە توانیویەتی مووچەبۆ ئەم خانەوادانە ببڕێتەوە بە مەرجێك ئەم منداڵەیان لە خوێندن بەردەوام بێت و لە مانگێکدا 200 تا 300 سەردان بۆ ئەم مەبەستە رێکدەخەن و تا ئێستا کە ژمارەیەکی بەرچاو لەم خێزانانە ئەم مووچەیە وەردەگرن و منداڵەکانیشیان گەڕاونەتەوە بەرخوێندن...

لە تەوەرێکی تردا وەفدی رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان ئاماژەیان بۆ رۆڵی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دا کەئەوانیش لەم پرۆژەیان هاوکارن و تائێستا لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەم هەماهەنگیە بەردەوامە، بەڵام پێویستی بەکاری زیاتر هەیە...

لە بەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ ئامادەباشی وەزارەتی نیشاندا کە هەموو توانایەك دەخرێتەگەڕ بۆپاراستنی مافەکانی منداڵان و پشتگیری کردنی پرۆژەکانی رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناوی بنبڕکردنی ئەم دیاردەیەو گەڕانەوەی منداڵان بۆسەر خوێندن و تەواوکردنی خوێندنیان، داواشی لێکردن بەبۆنەی رۆژی منداڵانی جیهانی کە دەکاتە 6/1ی هەموو ساڵێك بۆ ئەمساڵ بەشداری لە پرۆگرامەکانی وەزارەت بکەن بۆ پێشوازیکردن لەم رۆژە گەشەی منداڵان. دووپاتیشیکردەوە کەوەزارەت ئامادەیە کادیری خۆی لەم بوارەدا تەرخان بکات بۆ هەماهەنگی لەجێبەجێکردنی پرۆژەکانیان.

## له كۆبوونەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤ و
## رێكخراوەكاندا
## پێشنیاركرا برگەكانی سزای لە سێدارەدان
## لە (15) برگەوە بكرێتە (5) برگە...

لە درێژەی كۆبوونەوەكانی بۆردی راوێژكاری دیوانی وەزارەت بۆ تاوتوێكردنی بەرنامەرێژی لایەنەكانی رەوشی مافی مرۆڤ رۆژی 2008/5/27 بەسەرپەرشتی بەرێز د.شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ و بەئامادەبوونی نوێنەرایەتی رێكخراوە مەدەنیەكان و خاتوو (نورال رەشید) لێپرسراوی ئۆفیسی مافی مرۆڤ لە رێكخراوی (UNAMI) و هەردوو بەرێوبەرانی گشتی دیوان و كاروباری مافی مرۆڤ لە وەزارەت كۆبوونەوەی بۆردی راوێژكاری ئەنجامدرا.

لەسەرەتادا لیژنەی بەدواداچوون باسیان لەو كارانەیان كرد كەلە كەیسەكانی رابردوو هاتبوو و كاری بۆ ئەنجامدراوە و لێپێچینەوە و بەدواداچوونی بۆ كراوە.

لە برگەیەكی تری خشتەی كارەكاندا قسەكردن بوو لەسەر سزای لە سێدارەدان كە پێشتر وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند:

وەزارەت بەهاوكاری بۆردی راوێژكاری بریاریداوە بەر لە تەواوبوونی وادەی بڕیاری پەرلەمانی كوردستان لەمەڕ سزای لە سێدارەدان كە لەمانگی ئابی 2008 تەواو دەبێت كۆنفرانسێك بگرێ بەبەشداریكردنی ژمارەیەكی تایبەتمەند بەم مەسەلەیە و خستنەرووی ئەو پێشنیار و بیروبۆچوونانە تا لە دووتوێی پرۆژەیەك ئامادە بكرێ و پێشكەشی پەرلەمانی كوردستان بكرێ بەمەبەستی كار لەسەركردنی.

هەر لە گەرمەی گفتوگۆكردن لەسەر ئەم مەسەلەیە نوێنەرانی رێكخراوەكان هەندێ بیروبۆچوونی خۆیان خستە روو لە پێشدا خاتوو (نورال رەشید) لێپرسراوی ئۆفیسی مافی مرۆڤ لە رێكخراوی یۆنامی ئاماژەی بە مافەكانی ئەو كەسانەدا كە سزای لە سێدارەیان بۆ دەردەچێ و رایگەیاند كە دەبێت ئەو كەسە مافی پارێزراو بێت بەتایبەت لە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوە و دادگاییكردن و رێگای پێ بدرێ پارێزەری تایبەتی خۆی ببینێ، داواشیكرد لایەنە بەرپرسەكان دەبێ رەچاوی هەردوو ئەو بڕیارە بكەن كە لە (un) لە ساڵانی 1984-1989 دەرچووە لەسەر پاراستنی مافەكانی ئەو كەسەی حوكمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ، هەروەها پێشنیار كرا سنوری تاوانی لە سێدارەدان كەم بكرێتەوە كە ئێستا (15) برگە دەگرێتەوە ببێتە (5) برگە و لە پێشنیارەكانی دیكەشدا رێكخراوەكان بانگەشەی ئەوەیانكرد وەك بیروباوەڕ باوەریان بە هەبوونی لە

سێدارەدان نیە و پێویستە نەمێنێ لە کۆتایی ئەم بڕگەیەش وا بڕیاردرا ئەم راوبۆچوون و پێشنیارانە بکرێتە پرۆژەیەك و پێشکەشی ئەم کۆنفرانسە بکرێ کە لە ئایندەیەکی نزیك دەبەستری بۆتاوتوێکردن و بەرزکردنەوەی بۆ پەرلەمانی کوردستان.

هەر لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ جارێکیی تریش گفتوگۆ لەسەر توندوتیژی ژنان و ئافرەتان کرایەوە و بەڕوونی ئەم دیاردەیە هەڵسەنگێندرا و ئاماژەش بە رۆڵی بەرێوەبەرایەتی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی درا کە لەم دوییانەدا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دروستبوو و یەکێ لە رێکخراوەکانیش رایگەیاند کە بەنیازن خولی راهێنان بۆ کادیرانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە بکەنەوە بەمەبەستی زیاتر تێگەیاندنیان لە رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکە...

لە تەوەرەکانی دیکەشدا بەگشتی باس لە رەوشی مافی مرۆڤ و پێشێلکارییەکان کرا و ئەوەش خرایە روو دەبێت رۆژانە هەوڵبدرێت بۆ کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان کە کاری سەرەکی وەزارەت و ئەم بۆردە راوێژکارییەیە...

## پرۆژەی کاریکی لاوان
## بۆ ئاشناکردنی مافی مرۆڤ
## لە لادێکان

سەر لەبەیانی رۆژی 2008/5/28 بەرێز د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نووسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە دەستەی بالأی کۆمەڵەی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان کرد.

لەم دیدارەدا وەفدی میوان ئەوەیان راگەیاند کە مەبەستی سەردانەکەیان بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ دەستپێکردنی پرۆژەیەکە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەربارەی کامپینێك بۆ لاوان بۆ ئاشناکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و کردنەوەی چەند ورك شۆپێك لە گوندەکان لە رێگای گروپی پاریزەران لەناو کۆمەڵەکەدا بۆئەوەی بەشێوەیەکی وورد لە نزیکەوە بەندەکانی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ بە خەڵکی گوندەکان ئاشنا بکرێ تا بەشێوەیەکی زانستیانە لە مافەکانی خۆیان شارەزابن...

لە تەوەرێکی دیکەدا باس لەوە کرا کە پێویستە هەموو لایەك کار بۆ ئەوەبکەن تا کۆچکردنی لاوان بەرەو هەندەران رابگیرێ ئەمەش لە ئەنجامی ئەم بۆشاییانە دێتە ئاراوە کە لاوان لەم باروۆدخەی ئێستا پێوەی دەناڵێنن بۆیە دەبێت بەشێوەیەکی وشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکرێ، چونکە لاوان هەمیشە داهێنەری سبەینێی وڵاتن.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ بە وەفدی میوانی راگەیاند پشتگیری لە بۆچوون و پرۆژەکانیان دەکات و داواشی لێکردن کە پرۆژەیەکی تۆکمە لەمەڕ ئەم خاڵانە ئامادە بکەن و ئێمەش لەلای خۆمانەوە تێیدەروانین و هاوکاریتان دەکەین...

ئەوەشی دووپات کردەوە کە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ئەوەی سەلماندووە کە دەبێت هەموو کەسێك ئاشنای بێت بۆئەوەی لە کاکڵی مافەکانی خۆی بگات.

## پڕۆژەی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لادێکان
## لەمەڕ توندوتیژی دژی ژنان

بۆ زیاتر چوونە ناو بارودۆخی توندوتیژی دژی ژنان و پاراستنی مافەکانیان و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لە لادێکاندا ڕۆژی 2008/3/31 بەڕێز د.شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە سەرۆك و ئەندامانی یەکێتی ژنانی کوردستان/ لقی هەولێر کرد.

لەم دیدارەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ ئامادەیبوو وەفدی میوان پڕۆژەیەکیان خستەڕوو کە بریتبوو لە ژمارەیەك خاڵ و پێشنیار بۆ بەستنی کۆڕ و سمینار لە لادێکاندا بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەیان و خستەرووی ئەو هۆکارانەی کە دیاردەی توندوتیژی دژی ژنانیان لێدەکەوێتەوە کە لەگەڵ هیچ سیستەمێکی مرۆیی و ئایینی ناگونجێ.

ئەوەشیان ڕاگەیاند لەم پرۆژەیە زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە پێویستە لەو کۆڕانەی کە بۆخەڵکی لادێکان دەبەسترێ باس لەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان ژن و مێرد بکرێ کە یەکێکە لە هۆیە سەرەکیەکانی مافەکانی خانەوادەیی.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ وێڕای ئامادەیی پشتگیری و یارمەتیدانی وەزارەت بۆ پرۆژەکەیان ئەوەشی روونکردەوە کە پێویستە ئەم جۆرە کارانە بکرێ و زیاتریش لەناو ئەم چین و توێژە بێت، چونکە ئەگەر بە روحیەتێکی هۆشیارانە باس لەم توندوتیژییانە بکرێ دڵنیایین ئەم دیاردەیە وردە وردە بنبڕ دەکرێ و لە ئەنجامیشدا کۆتایی دێ.. بۆیە ئەمە ئەرکێکی سەرشانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانە بەپلە یەك بەدواداچوون بۆ ئەم کێشەیە بکەن..

هەر لەم پێشوازیکردنە وەزیری مافی مرۆڤ داوای لە وەفدی میوان کرد کە تا زووە دەست بەم پرۆژەیە بکرێ و بوودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ.